# میرا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

کریستۆفێر فرانک

# میرا

وەرگێڕی فارسی:

لەیلا گولستان

وەرگێڕی کوردی:

عەلی غولامعەلی



کتێب: میرا - ڕۆمان
نووسەر: کریستۆفێر فرانک
وەرگێڕی کوردی: عەلی غولامعەلی
وەرگێڕی فارسی: لەیلا گولستان
نووسیار: فەخرەدین ئامێدیان
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٦٥
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٥٢)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

حاح لە شادی من، گەر جێ دەستی هەموو دەستێ تەنانەت
دەستە گڵاوەکانیشی پێوە دیار بێ!

ئین ڕاند

# ١

له دەشت له دایک بووم و بێجگه لەمه هیچ شتێ سەبارەت بەخۆم نازانم. بۆیان گێڕاومەتەوه دووسالاَن بووم خۆم بەرەو پەنجەره ڕاکێشاوه تا چاو له دەرێ بکەم. توێیەکی ئەستووری قیل، لەسەر کەشێکی داپۆشراو له بێتۆنێکی ڕەش -که خۆر وەبرووکه برووکی خستبوو- گۆیا ئەم دیمەنه کاری کرده سەر مێشکم.

سەرەڕای هەموو ئەمانه، من وەک مرۆیەک -که بەدەم خەوەوه بڕوات بێ ئەوەی ئاوڕ بدەمەوه- بەچاوی قووچاوەوه له پەنجەرەکه دوور ببوومەوه.

ئێمه له چوارگۆشەی **٨٣٧- ٣٣٣- ٤** ڕۆژهەلاَتدا دەژین. بەرینایی ئەو چوارگۆشانه -که بەهێڵی زەرد عەرزی ڕەشمان دابەش دەکەن- ده کیلۆمەتری چوارگۆشەیه. هەر بۆیەش ئێمه له ژێر ئەو چرایانەدا وا پێنج میتر پێنج مەودایانه، شوێنی باشمان بۆ پیاسەکردن هەیه. تیشکی ئەو چرایانه کەوتوونەته سەریەک تا کوو لەچوارگۆشەی **٨٣٧- ٣٣٣- ٤** دا تەنیا خالێکی تاریکیش نەمێنێ؛ چونکو -هەر وەک هەموو ئاگادارن- خراپه، نهێنی نێو تاریکییه.



دیواری ماڵەکەمان -وەک ماڵی هەموو کەس- ڕوونه؛ تاکوو کەس نەتوانێ خۆ لەوی دی وەشارێ؛ چونکوو -هەر وەک هەموو دەزانن- خراپه، نهێنی نێو تەنیاییه و تەنیا ئا بەم جۆرەیه که تاریکی دایمه بەرەو دۆڕانه.

لەو ماڵەدا من لەگەڵ پیاوێکی ژیر و بەقەوەتم بەناوی "بوئنییه"(١) که بیست ساڵ لەمن گەورەتره.

ئەو "دئیردر"(٢)ی لەپاڵ دایه که من له داوێنی ئەو کەوتوومەته خوارێ. دئیردریش بەتەمەنه. هێشتا چاوی سۆمایەکی له بەدبەختی تێدا دەدرەوشێتەوه که هەر چەند توانیویه پاژەکانی نەدامەتی لەبیر بباتەوه قورسایی خەفەتی پێوه دیاره. کەسی چوارەممان میرایه، ئەویش هەر بەرەی دئیردره.

بێتوو بەڵێن بێ باسی ڕابردووم بکەم - دەشیکەم هەرچەند ئیزنیشیان نەدابێتمێ - بێگومان هیچ ڕستەیەکم بێ نێوی ئەو نابێ؛ هەرچەند هەر دووکمان له دایکێکین، بەلاَم تەنیا تۆزقالێک -ئەویش له دوورەوه- له یەکتر دەچین. نازانم بۆ، بەلاَم له میرا دەترسم. بۆ ئەوڕۆ، هەر ئەوەنده بەسه.

بۆ کاغەز وەرگرتن، چوومه «وەزارەتی بانگەشه»؛ هەر ئەوان کاغەزیان هەیه. هەوابڕێکه که زۆری کار تێدا دەکردرێ. دەرکەوانەکه له پشت دەربیجەیەکی چکۆلووکەوه لێی پرسیم چیم دەوێ؟ گوتم کەمێک کاغەز و پێنووسێکم دەوێ. وەلاَمەکەمی لەسەر کاغەزێک به سەردێڕی "هۆی دیمانه"وه نووسی. پاشان ئاسانسۆرەکەی پێنیشان دام و گوتی بچۆ نهۆمی سێهەم.

(1) Boegner

(2) Deirdre

دیواری ئاسانسۆرەکە ڕوون نەبوون و هەر بۆیە لە تەپڵی سەرمەوە بوو بەئارەقە. فەرمانبەریّ فەرمووی کردم. کابرایەکی نەجیب و بەحەیا و خەندەلێو –کە بەرانبەری دانیشتم– لێی پرسیم کاغەز و پێنووسم بۆ چییە؟

گوتم دەمەویّ بانگەشە بکەم.

قسەکەم سەرنجی ڕاکێشا.

– چۆن بانگەشەیەک؟

– دەمەویّ باسی مەترسییەکانی تەنیایی بکەم.

– دەزانی تەنیایی چییە؟

– پێم وایە بزانم.

– بۆخۆتان هەستتان پیّ کردووە؟

– نا.

– ئەی بابەتەکەتان لا سەرنج ڕاکێشە؟

– نا.

– زۆر باشە.

دە لاپەڕەی دامیّ.

کەوەرم گرتن نە نووشتاندمنەوە و نە لوولەم کردن، هەر ئاوا ساف لەسەر دەستم ڕامگرتن – بەهەر تک دەستم – و هەنگاوەکانم توند کرد و تەنانەت ئەو هەموو قیلەش وا بەلاقمەوە دەنووسان نەیانتوانی پێش بەهەڵاتنم بگرن. ئەوان لە دیوە گەورەکە چاوەڕێم بوون. دوورا و دوور لە پشت دیوارەکانەوە دیبوومن و زووتر لە هەمووان میرا منی دی.

پەڕەکانم لەسەر مێزێک دانا و ئەوان بێدەنگ چاویان تیّ بڕی. بوئنییە زووتر لەهەموویان ڕووی وەرگێڕا و لە دیوەکە چووە دەریّ. دئیردر چاوی بڕییە چاوم؛ دەترسا. پاشان ئەویش چووە دەریّ. میرا لەپشت شانمەوە



چاوی لە کاغەزەکان زیت کردبووەوە. دەم و چاویم نەدەدی؛ بەڵام هەستم بەهەناسەی دەکرد. ئاخری هاتە بەر دەمم و وەک ئەوەی شتێک قەومابیّ دەستی خستە دەستم.

پرسی:

– دەتەویّ پیسیان کەی؟

– ئەریّ.

نووشتاوە و لێوی خستە سەریان. پرچی قەترانی لەسەر سپیایی کاغەزەکان ڕەشی دەکردەوە. قوت ڕاوەستاو چاوی بڕییە چاوم. وەی لە بۆنی کەزیەی! پشتی تیّ کردم و چوو بەرەو نێومالّ و ئەمنی لەگەلّ لاپەڕەکان بەجیّ هێشت. سەرم هەڵبڕی و دیتم لە دوورەوە، لەو بەری شۆقی دیوارەکانەوە چاوی لێمە.

هەر حەوت پەڕە کاغەزم پیّ ماوە. بەشەو و ئەو کاتانەی ئەوان نووستوون و ناتوانن چاوەدێریم بکەن خەریکی نووسینم؛ بەڵام پێم وانییە میرا خەوتبیّ. دەیبینم بەرەو ڕووی من کەوتۆتە سەر لاشان. دەڵێی چاوی نەقووچاندووە.

ئەمشەو کە خۆی ڕووت دەکردەوە دیتم. دڵم پێوە بوو مەمکی ببینم. سەرەڕای ئەو هەموو مەترسییەش واهەیە؛ چونکوو ڕەنگە لەماڵەکانی دیکەوە خۆیان لیّ مات دابین و بمان بینن دیتم کە ڕووت و ناسک چاوی لیّ دەکردم. دەیزانی چاوم لێیەتی. میرا زۆر سپییە چاوی سەوزە و قژی ڕەش.

هەستم کرد یەکیّ جوولاوە؛ ڕاکشام. لە کولاوکەوە ئاسمان بەدیارەوەیە؛ ڕوون نییە.

ئێستا ئەوان خەوتوون؛ هەر چەند ڕەنگبیّ میرا چاوی نەقووچاندبیّ.

گرنگ نییە؛ تاک و تەریک بەتەنێم. دەتوانم باس لەو شتانە بکەم وا دیتوومن.

ماڵێکی نزیکی ماڵی ئێمە کابرایەکی تێدایە کە لەتەختی عەرزی دیوێکدا قووڵکێکی هەڵکەندووە. شەوانە تێیدا دەنوێ و کەس نایبینێ. بەنینۆکی دەستی هەڵیدەکەنێ و هەموو ڕۆژێ قووڵتری دەکات. ژنێکی لەگەڵە، بەڵام ئەم ژنە هیچ لەم بابەتە نازانێ.

کاتێ باسی نووستنی نێو تاریکەسەلاتی ئەو شەوانەم بۆ دەکات، چاوی دەدرەوشێ و ئارەقە لە تەوێڵی دەتکێ.

بوئنییە دەبینم دەست دەخاتە سەر دەستێ دئیردر و ئەو خەمبارە بزەی دێتێ.

کەم واهەیە بوئنییە سەر جێی لەگەڵ بکات؛ چونکو پەکی کەوتووە.

مێرمنداڵێکی ڕووت و قووت دەبینم لە ماڵێک فرکەفرکییەتی و دوکتۆرێکیش بەشوێنیەوەیە. منداڵەکە دەترسێ و لە هەڵات هەڵاتیدا خۆی بەشتومەک و مۆبلەکاندا دەدا. ئاخری خۆی گەیاندە دیوارێکی شیشە و لەنێویەوە تێپەڕی. بەپەلە خۆی گەیاندە «دەشتەسارە ڕەش»؛ بەڵام لەشی سوور هەڵگەڕابوو و دەشەلی.

چاوم بەژنێک کەوت لە دیوێکدا بەتەنێ خەریکی خۆی بوو.

هەموو ئەمانە و زۆر شتی کەشم دیوە؛ چونکو هەر خەریکی قوتەقوتم و ئەمە سەرەکیترینی گوناحانمە. ڕەفیقم نییە؛ هەر هیچ. لاپەڕەی نێوی هەوالانم خەتی نەنووسراوە. ناعیلاجین نێوی دە دوازدەیەکی تێدا بنووسین، یاسایە.

لە دەشتەسارا هەر بەتەنێم؛ هەر چەند دەبێ یەک دوویەکت لەگەڵ بێ؛ چونکو تەنیایی لەکاتێکدا کە دەکرێ پێکەوە بن، دژ بەیاسایە.



ئەم کارانەی گوتمن لە چاو ئەم کارەی وا ئێستا خەریکم دەیکەم، بێ بایەخن:

ئەمن خەریکم دەنووسم و تەنیا بۆ دڵی خۆشمە دەنووسم.
هیچ ترسێکیشم نییە. تەنیا دڵ لەدوای شتێکم:
ئەو هەستەی وا بۆ لای میرا ڕامدەکێشێ.
ڕۆژ بۆتەوە. باش وایە دەست هەڵگرم.

جار جار لەسەرم دەدا ماڵێ بەجێ بێڵم؛ لێیدەم بڕۆم. هەر ئەوەیە میرا بڕوا منیش دەسبەجێ دەڕۆم. تەنیا شتێک کە دەمترسێنێ ئەوەیە کە نەکا ئەو هەموو قیلەی تاوناتاوێ بەلاقمەوە دەنووسێ وا بکا نەهێڵێ لە ئاخرەکەیدا جووڵەم بێ و لە عەرز بچەقم؛ وەک داوەڵێک لە عەرزیم چەقێنێ و شەو و ڕۆژ تێپەڕێ و وەها لە جێی خۆم چەقیبێتم کە وزەم نەیە. بۆیە هەموو جارێ بەخۆم دەڵێم، دەمێنمەوە. یان باشترە بڵێم چاوەڕێ دەبم. چاوەڕێ دەبم تا زۆرتر بزانم و بتوانم زۆر تریش بنووسم. هەر چۆن بێ من هەر بەتەمام.

ئێستا بەخەبەرە. لەسەر کەتەکەی دانیشتووە و چاو لەبەرامبەری دەکا. نەخشی لەپێش چاومە، کە چۆن هەناسەی زگی بەقووڵدا دەبات. نازانێ چاوم لێیەتی.

ئەویش ڕەفیقێکی زۆری نییە؛ نا، هەیەتی چونکو شاز و لەبارە. کوڕێک دەناسێ ماشێنێکی ساز کردووە. ڕۆژێک منی بردە ماڵەکەی. ماشێنێکی ڕەنگامەی پڕ لەچرا کە دایمە هەڵدەبن و دەکوژێنەوە. سەفحەی دەرەجە و دوگمەیەکی زۆری پێوەیە. سێ ساڵی پێ چووە تا سازی کردووە؛ کارێکی خراپتر لە گوناحی کردووە. ئاخە ئەو ماشێنە بەکاری چی دێ؟ هەر ئەوەندەیە هەڵدەبێ و دەکوژێتەوە و لەنێو خۆیدا دەنگە دەنگیەتی. نەک

بەکەڵکی خۆی، بەکاری کەسی دیکەش نایە. هەر هیچی پێ ناکردرێ؛ بەڵام قەتیشم شتێ وا جوان نەدیوە. دوو حەوتوو لەوە پێش خوڵقێنەرەکەیان ناردە "یانەی ڕاهێنان".

ئای سەربازم دیوە کە لە دەشتەسار هەڵێن؛ بەکراسی سپی و کەوشی جیرەوە. دەنگیان لێوەنایە. بەڕیز و پاڵ بەپاڵی یەکتری، بەژێر دار چرابەرقەکاندا لەشوێن مرۆ دەگەڕێن. چوار گۆشەی ئێمە سەربازی زۆرە؛ بەڵام بەتایبەتی لەشەودا دەبیندرێن.

باسی ئەو بورجی نیگابانیانەیان بۆ کردووم وا دەسووڕێن و سەکۆکانیان بەخولانەوە لەسەرێوە بەرەو خوارێ دێ. گۆیا ڕەشاش بەدەستەکان لەوێوە لەوانە هەڵدەکەن وا دەیانەوێ هەڵێن. دەڵێن کەس لە چنگیان دەرناچێ؛ ئەڵبەت بۆشی هەیە فشەو گاڵتە بێ.

قەت چراکان ناکوژێنەوە. جاری وایە دڵم پێوەیە شەوانە وەک سەربازەکان لەدەرێ بم؛ بەسەر هێڵە زەردەکاندا هەڵێم.

ژنێکی ڕووت و قووتم دیوە بەهەنیسکەوە سینگی پیاوێکی ماچ کردبێ. دیویشمە کە هەر ئەو کابرایە شەو درەنگان، لەپاڵ ئەو ژنەدا مردبێ.

ئەوڕۆ کابرایەک لە دەشتە سار گرتمی. لێی پرسیم کێم و لە کوێ دەژیم. دەیویست بزانێ بۆ تەنێم. پێم گوت دەمەوێ بچمە لای دۆستێکم تاکو جۆکێکی بۆ بگێڕمەوە. وەک ئەوەی بڕوای پێ کردبێتم لێم گەڕا بڕۆم.

کاتی شێوی ئەمشەو، میرا چاوی لێ هەڵنەدەگرتم؛ هیچی وای نەخوارد، دەڵێی دەیەوێ شتێکم پێ بڵێ. نازانم وادیارە بوئنییە شتێکی وای نەماوە بمرێ. ئەمڕۆ دوو پیاو هاتبوون ببیبن و ویستیان چاویان بەلاپەڕەی تەمەنی بکەوێ. سەبارەت بەوە لۆمەیان کرد کە بۆ وێنەی سەر لاپەڕەکە هی دووسێ ساڵ لەوە پێشە. گوتیان پیر بووە و ئیدی بەکاری هیچ نایە.



بوئنییە گوتی هێشتاش دەتوانێ کار بکا؛ بەڵام ئەوان لەسەر قسەکەی خۆیان بوون و گوتیان ئەو بەڕاست بەرەو قەبرانە. دئیردری بەستەزمان، هێندەی پێ ناچێ ئەویش وای بەسەر دێ. پێم وایە لەگەڵ بوئنییە هاوتەمەنە. ئەمشەو خەویان لێ ناکەوێ. لەسەر قەرەوێڵەکەیان هەر ورتەورتیانە. چونکو داهاتوویەکیان نییە هەر باسی ڕابردوویان دەکەن. کاتێ هێندە هەڵێین کە ئیدی هەناسەمان دەرنەیە دەگەڕێینەوە و چاو لەو ڕێگایە دەبڕین وا بڕیومانە.

میراش نەخەوتووە. دەیبینم ملی دەتەقێنێ و سەری ڕادەوەشێنێ. وەک ئەوەی بیەوێ بەکەسێک بڵێ "نا". ئەوە دانیشتووە و چاو لەمن دەکا. ئاماژەم بۆ دەکا بچمە دیوەکەی.

چووم. ڕووت و قووت لە سەر بوو. هەر چەند ڕووناکی کەم بوو؛ بەڵام دیتم کە ڕووتە. چرکەیەکی پڕ لە بێدەنگی نیگامان ئاوقای یەکتری کرد و پاشان دواندمی.

– هەر دەنووسی؟

– ئەی چۆن.

لەنێو ئەو تاریکییەدا دەستی لەدەستم گەڕا. دەستیم گرت؛ پەکوو پیاوی دەسووتاند. پێی گوتم:

– ئاگات لە خۆت بێ.

هیچم نەگوت. نووشتامەوە و گۆپکی مەمکیم مژی. هەستامەوە و بۆ جارێکی کە چاومان بڕییە یەکتری؛ پاشان ڕۆیشتم.

لە دیوەکەمەوە دەیبینم و پێم وابێ خەوتبێ. شتێک لە مندا گۆڕاوە: ئیدی لێی ناترسم.

گوێم لە ورتەورتی بوئنییە و دئیردر نییە. پێم وابێ یان خەوتبێتن یان لە لاواندنەوەی یەکتر ماندوو بووبن. بێدەنگ بوون.

لەسەر لاپەڕەی نۆهەمم و هێشتا زۆرم ماوە تەواوی کەم. سبحەینێ دەچمە "وەزارەتی بانگەشە". دەچم و کاغەزیان لێ دەستێنم. هێندەی نەماوە تاو وەدەرکەوێ و تاوێکی دیکە میرا لە خەو هەڵدەستێ.

ئەم لاپەڕەیەی دەهەم لێم بۆتە بەڵا؛ نەکا ئاخر دانە بێ؟ ئەو جۆرەی بەتەما بووم نەمتوانی بچمە وەزارەتخانە. سبحەینێ دەچم. بێتوو جوابم نەدەنەوە؟ دەبێ هەرچی قسەم هەیە لەسەر ئەو کاغەزە تەواوی کەم.

خراپییەکەی ئەوەیە نامەوێ باسی ڕابردوو بکەم بەڵکو دەمەوێ لە ئێستا بدوێم؛ یانی باسی میرا.

ئەمڕۆ دەشتەسار هێندە گەرم بوو دەتگوت جەحەندەمە. قیلەکان هەڵمێکی ڕەشیان لێ هەڵدەستا و دەگەیشتە سەر چۆک. بەخۆمم گوت بێتوو بە زگەخشکێ بڕۆم، کەس نامبینێ. پاش دوو سەعات ژنێکم بینی کەلەسەر عەرز درێژ و هامووتا بوو. هاتن و بەئامبولانس بردیان.

خەریکی دانانی یاسایەکی نوێن کە خەڵک شەوانە نەتوانن چرای ماڵیان بکوژێننەوە.

بوئنییە ئەوڕۆی لەجێدا بردە سەر. تەواو لاواز بووە. چەند جار دئیردر چووە لای و دواندی؛ بەڵام ئەو هەر سەریشی نەلەقاند. بەزەییم پێیدا نایە؛ چونکو بەخوێڕیی نازانم.

کوتوپڕ -بێ ئەوەی بزانم لەبەر چی- کاغەزەکەمم شاردەوە و ڕاکشام. چاوم قووچاند و خۆم کردە خەو. پاشان بەدزییەوە- لەبن برژۆڵمەوە- چاوم لێ کرد؛ سەربازێ لەو بەری دیوارەکانەوە چاوی لێم بوو. چاوی لێ نەدەترووکاندم و دەم و چاوی وەک "دەمامکی برینگەری" وابوو هەموو جارێ بەهەناسەی دەقووپا. زۆرتر لەخولێک چاوی تێ بڕیم و پاشان ڕۆیی.

ئەم لاپەڕەیەش تەواو بوو. سبحەینێ دەچمە وەزارەتخانە.



ئەمڕۆ لە وەزارەتخانە گەڕاومەتەوە. سێ ڕۆژیان ڕاگرتم. وەکو جاری هەوەڵ چوومە سەرێ؛ بەڵام فەرمانبەرەکەی ئەو ڕۆژەی لێ نەبوو. ئەمەیان لاوتر بوو و چاویلکەیەکی دەسک پیشووکی لەچاودابوو. پێم گوت هاتووم کاغەز وەرگرم و دەمەوێ بانگەشەی تێدا بنووسم. لە پێشدا هیچی نەگوت؛ بەڵام وادیار بوو پێی خۆش بوو لە بن چاویلکەکەیەوە لێم زیت بێتەوە. پاشان نێو، شوێن و تەمەنمی پرسی و داوای لاپەڕەی هەوالانمی کرد. پێم گوت لاپەڕەکەم لە ماڵێ لێ بەجێ ماوە. سەری چەند جار بۆ لەقاندم. پێم گوت دەبێ ببووری و سبحەینێ لەیەکەم دەرفەتدا بۆی دێنم و دەتوانێ باوەڕ بەبەڵێنم بکات. هەمیسان سەری لەقاند. پاشان -وێڕای ئەوەی دەستی بەرەو من درێژ دەکرد- داوای ئەو لاپەڕانەی کرد وا نووسیبوومن. گوتم هێشتا کارێکی وا بەکار هاتووم نەکردووە. سەرێکی لێ لەقاندم و بەبێدەنگییەوە لێم ڕاما: وەک ئەوەی چووبێتە فکرەوە. لەپڕدا دەرگا کراوە و کابرایەکمان لێ وەژوور کەوت. زانیم کە بێگومان فەرمانبەرەکە بەلاق لێدان لە دوگمەیەکی ژێر پێی، بانگی کردووە.

فەرمانبەرەکە بۆ ئەو کابرایە وا کراسێکی سپی لەبەردابوو، شی کردەوە کە من لاپەڕەی نێوی هەوالانم لە بیر چووە و هەروەها ئەو کاغەزانەش وا وەرم گرتبوون شتی تێدا بنووسم، نەک نەمهێناونەتەوە بەڵکو فڕێشم داون. کابرا وەک فەرمانبەری هەوەڵ سەری لەقاند؛ بەڵام چاوی لەمن نەکرد. ئاماژەی کرد بەشوێنیدا بچم.

پێش ئەوەی بچمە دەرێ ئاوڕێکم بۆ لای فەرمانبەرەکە داوە؛ بەڵام ئەو لە پەنجەرەکەوە چاوی لەو دوو منداڵە دەکرد وا لە دەشتەسار هەڵدەهاتن. بەهۆی ئەو مژەوە وا عەرزی داگرتبوو تەنیا سەریان دەبیندرا.

بەشوێن سەربازێکدا ڕێڕەوێکی دوور و درێژم پێوا؛ پاشان سواری ئاسانسۆر بووین و تا نهۆمی بیستەم چووین. چووینە دیوێکەوە؛ پیرێژنێک چاوەڕوانمان بوو.

پیرێژنەکە بەدەست ئاماژەی لە سەربازەکە کرد بچێتە دەرێ و ڕاوەستا تاکو بچێتە دەرێ و بەدەنگێکی زۆر کز و لەنێو گەرووەوە تکای کرد دانیشم. دانیشتم. لەبەر دەمم ڕاوەستابوو و بەچاوەشینەکانی لێم زەق ببۆوە. دەم و چاوێکی خڕ و گووپن؛ بەڵام پێستێکی چرچ و ناحەزی کوڵکن. کڵاو و قژە سوورە زەقەکەی هاواری دەکرد کەچەڵە. چاوم لە دەوروبەرم کرد و تازە زانیم لە سەر سەندەڵییەکی ددانسازی دانیشتووم. لەپەنامەوە ئاوێکی بنەوش لەنێو دەستشۆرکی کاشیدا خوڕەی دەهات.

دەستی خستە سەر چۆکم و پرسی:

– کاغەزەکانت چ لێ کردووە؟

– فڕێم داون.

بەبزەیەکەوە سەری داخست و چۆکمی گوشی.

– شاردووتنەوە؟

– نا.

– دەتەوێ خۆت تووشی گۆنگەڵ بکەی؟

– نا.

– ئەگەر وایە پێم بڵێ لەکوێت داناون.

– فڕێم داون.

– باشە.

لیوانێکی لەسەر کەشەفێکی چینکۆی سپی هەڵگرت و دای بە من. پێشەکی بەگومانەوە؛ بەڵام پاشان ئاوە بێ ڕەنگەکەی نێو لیوانەکەم هەڵقوڕاند. تامی هەر نەبوو. پیرێژنە بەمێهرەبانییەوە برێکی چاو لێ کردم. لیوانەکەی لێ وەرگرتم و دایناوە سەر کەشەفەکە. کراسەکەی داکەند. هیچی کەی لەبەردا نەبوو. پێستی زەرد بوو. لە سەر ڕانم دانیشت و ماچی



کردم. سەرم کەوتە وەژان. زمانی لە نێو دەمم دابوو و خەریک بوو دەیخنکاندم. بێگومان موخەدیری دابوومێ، چونکو لە هۆش چووم.

وەختێک وەهۆش هاتمەوە بەتەنێ بووم و هەر لەسەر سەندەڵی ددانسازییەکە دانیشتبووم. ڕووت بووم. تازە زانیم کە تەواو بێهۆش نەبووم و قسەم کردووە و تەنانەت جووڵاویشمەتەوە بێ ئەوەی بزانم چیم گوتووە یان چیم کردووە. شەو بوو. سەربازەکان لە دەشتەسار هەڵاتیان بوو. ددانێکم دێشا. لەوە دەچوو دەرگاکان کیپ کیپ بن. هەمووی شیشە بوون بەڵام نەک شیشەیەکی ئاسایی، ئاوێنە بوون و دەمزانی بەئیشتیا دەتوانن من لەو بەرەوە ببینن. لیباسەکانم لەدیوەکەدا نەبوون.

سبحەینێ بەیانی ژنێک بەدوو لاپەڕە کاغەز و پێنووسێکەوە هاتە لام. ئەوانی پێدام و گوتی بنووسم. حاڵیم کرد کە ناکرێ. پەڕەکانی لێ وەرگرتمەوە و دیسان لیوانێکی دیکەی پێدام پێش ئەوەی تەواو لە هۆش بچم ئەوم دیت لیباسەکانی داکەند و لەسەر کاناپەیەکی چەرمی سپی ڕاکشا.

بەخەبەر هاتم. تێکەڵی بووم؛ لە سەروژێری، لە نێویدا. مەمکی لەدەمم دا و دەمم خوێناوی بوو. ددانێکیان کێشا بووم؛ دێشا. ئەو نەخەوتبوو. دیسان لەو ئاوەی پێ دامەوە.

ئەمجار کە بەخەبەر هاتم لیباسم لەبەردا بوو. لە دیوێکی دیکە بووم. ڕۆژ بوو. سەربازێک بەرامبەرم دانیشتبوو. ئاماژەی کرد بەشوێنێدا بڕۆم. ناعیلاج گوتم باشە؛ چونکو هێشتا سەر و ددانم دێشا. سۆمای دیتنم لێڵ بوو حاڵە حاڵ دەمدی کە بۆ کوێ دەچم. بەرامبەر کابرای چاویلکە پیشۆک دایان نیشاندم. پەڕی هەواڵنمی پێ دام لەگەڵ بەستەیەک کاغەز.

پێدەکەنی. پەڕەکەم وەرگرت و دیم دوازدە نێوی لەسەر نووسراوە. خەتی

میرام ناسییەوە. کابرا حاڵی کردم کە پەڕەکەم دەبێ دایمە پێ بێ و تکای کرد پاش ئەوەی کاغەزەکانم نووسی پێی بدەمەوە. پاشان دەستمی گوشی و تا بەردەرگا بەڕێی کردم. بەهێمنی گەڕامەوە بەرەو ماڵێ و لاپەڕەکانیشم بەدەستمەوە گرتبوو. بەزەحمەت بەنێو ئەو هەموو ڕەشایی و مژە لێڵەدا ڕێگام دەدیتەوە. دەمم هەر خوێنی لێ دەهات و دەتکا سەر یەخەی کراسەکەم. هەوا زۆر گەرم بوو. لە نیوەی ڕێگا چاوم بەژنێک کەوت. قژی سپی بوو؛ بەڵام جەحێڵیی دەنواند. چاوی وەک لێوی، بەشین ڕشتبوو. لیباسێکی سووری چەسپی لەبەردا بوو کە بەزگییەوە نووسا بوو. چاوم کەوت بەو سەربازانەی وا دووراودوور بەشوێنییەوە بوون، بەخۆمم گوت دەبێ نەخۆش بێ. ڕاوەستا و لێی پرسیم.

– لەوێوە دێیەوە؟

– ئەرێ.

لێم نزیک بۆوە و خوێنی سەر دەم و چاومی لستەوە. پاشان بەهەنگاوی کورت وتوند دەستی کرد بەهەڵاتن؛ چونکو لیباسەکەی زۆر تەنگ بوو. سەربازەکانیش، بەچەکمە جیڕەکانیانەوە بێدەنگ وەشوێنی کەوتن. وەرسووڕام تاکو ئەو لیباس سوورە ببینم وا لە نێو ئەو هەموو لیباس سپییەدا دەردەچێ. دەمم خوێنی لێ نەدەهات.

دئیردر چاوەڕوانم بوو. لە دوورەوە دیتم پاڵی دابوو بەدیواری ماڵێوە و ورد چاوی بەدەشتەساردا دەگێڕا. کاتێ دەستە کاغەزەکەی بەدەستمەوە دی بزەی ون بوو. بێ ئەوەی هیچ بڵێم کاغەزەکانم لەسەر مێزەکە دانا. ویستی شتێک بڵێ؛ بەڵام دەمی نەکردەوە. چاوم بۆ میرا گێڕا، لەوێ نەبوو. ماڵێ زۆر گەرم بوو.

خۆم کرد بەحەمامدا خۆم بشۆم. هەروا کە تیانەکە پڕ دەبوو لەئاوی سارد، بەخۆکێشانەوە جلەکانم داکەند. جێگای چەند برینی ورد بەگیانمەوە هەر



دیار بوو. ئەو ئاوە ساردە برینەکانمی هێناوە سوێ و هەڵمێکی سوور لە ئاوەکە هەستا. چاوم قووچاند. هیچم لەو سێ ڕۆژە بێ سەروشوێنییەم لە یاد نەمابوو. وەک خەونێک کە چاوکردنەوە بزری کات چاوم کردەوە؛ میرا تەمێن و قورس هەڵیدەسەنگاندم. چاوی تێ بڕیبووم. کاکۆڵی کەوتبووە سەر تەوێڵی.

حکوومەت لە بیری چووبوو یان گوێی بەوەنەدابوو و شیشەی پەنجەرەکانی حەمام ڕوون نەبوون. میرا خۆی ڕووت کردەوە؛ کراسەکەی، دەرپێ کورتەکەی و گۆرەوییەکانی داکەند. بەقامچی لێیان دابوو. شوێنی قامچی بەلەشیەوە دیار بوو. ویستم باسی بکەم؛ بەڵام دیتم پێدەکەنی. زانیم پێویست ناکا هیچ بڵێم و هەموو شتێ بەباشی تێدەپەڕێ. منیش پێکەنیم و ئەو دیتمی کە ددانێکم نەماوە. بە شەقاو بەرەو تیانەکە هات و خزییە پەنام؛ تەڕ و لەبار. سەرمی بردە بن ئاوەکە و ماچی کردم. دەمی هەر دووکمان پڕ بوو لە ئاو. پرچی قەترانی لەسەر ئاو شەپۆلی دەدا. پووکم هەر خوێنی لێ دەهات. ئاوێکی سوور بەسەر لەش، کەلەکە، مەمک و زگی سپی و ناسکیدا خۆی دەنواند. هەستاوە سەر پێ و بەسەبر و نازەوە خۆیداوە بەسەرم دا و ئیدی نەجووڵاوە. مەمکی قورس و پڕی بەهێمنی دەخشاندە سەر ڕوومەت و دەم و چاوم و پاشان وەک شێت خۆی خزاندە ژێرم. تەنیا پرچی بوو کە کەوتبووە سەر ئاو ڕانە تەڕە گۆشتنەکانی و دەمی داپچڕاوی.

ئەو خەریکم دەنووسم، میرا لە پەنامەوە ڕاکشاوە. لەشی لە تاریکایی شەودا دەدرەوشێتەوە. لەوە دەچێ خەوتبێ؛ بەڵام دڵنیا نیم. میرا بوو کە قامچی لێدرابوو و هەر ئەو بوو کە پەڕەی هەواڵانی منی پڕ کردبۆوە.

کاغەزەکانم دەبژێرم. پەنجا پەڕن. بێتوو دە لاپەڕەیان بانگەشەی تێدا بنووسم، ئێستا چل لاپەڕەم بۆ دەمێنێ؛ ڕەنگە بەس بێ. چۆن دەبێ نازانم؛

بەڵام من هەتا سەرەمەرگ دەنووسم، بەڵام ئەوەی کە کەی و چلۆن دەمرم خودا نەبێ کەس تێی ناگات.

لێرەدا تەنیا باسی شتێک ناکەم و ئەویش ئەو جێگایەیە وا کاغەزەکانمی تێدا دەشارمەوە. ئەوەش تەنیا پێوەندی بەهۆی ئاسایشەوە هەیە و هەر بۆیەش ناتوانم ئەو ڕەوشتە بدرکێنم وا هاندەری ئەم کارەمە. ئەوانە هیچی بۆ نووسین نابن.

ئەوڕۆ لەگەڵ میرا چووینە ماڵی ڕەفیقێکی. ئەوەی وا دەزگا قۆڕەکەی ساز کردبوو. سێ ڕۆژە لە "یانەی ڕاهێنان" گەڕاوەتەوە. نەیدەویست چاوی پێمان بکەوێ. دەمامکێکی لە چاودا بوو و چووبووە بەرزترین شوێنی ماڵەکەی و چاوی بڕیبووە بەرزایی ئاسمان. هەرامان لێ کرد. گوێی لە دەنگمان بوو؛ بەڵام سەری داخست. دەمامکەکەی پێدەکەنی بەڵام دەتگوت بۆ خۆی شکاوەتەوە. سەری داخست و چاوی بڕییە شوێنێکی کە. زۆرمان لێ نەکرد.

ئێستا ئەوە لە دەشتەسار خەریکی پیاسەین. زۆر جێی مەترسییە؛ چونکو هەر وەک هەموو دەزانن خراپە لای تاکەکان کەمترە تاکوو ئەوانەی پێکەوەن.

دەشتەسار پڕە لە پۆلی قاقاکێشی بەگرمە و هەرا و پڕ جم و جۆڵ کە تۆپ بۆ یەکتر فڕێ دەدەن و لەسەر شان و پشتە ملی یەکتر دەدەن. بێتوو ورد لێیان بڕوانین لە نێو ئەو هەموو ڕەفیقە بەڕواڵەت گەرم و گوڕەدا دایمە دەتوانین جووتێک ببینین کە بێدەنگ قۆڵیان لە قۆڵی یەکتر کردووە.

ئەمڕۆ دیسان هاتبوونەوە بوئنییە ببینن. هەر کامیان لە لایەکی دانیشت و بۆ ماوەیەکی زۆر لێی ورد بوونەوە تاکو وەڕەزیان کرد و چاوی قووچاند. کراسێکی سپییان لەبەر و دەمامکی برینگەریان لەچاو کردبوو. لەپکێکی سووریشیان کردبووە دەست. هەر کاممان لە دیوێکەوە و لە پشت



دیوارەکانەوە، چاومان لەو دیمەنە دەکرد. بوئنییە چەند جاری دواندن؛ بەڵام وەڵامیان نەداوە. ئاخریش بێ ئەوەی لێو لە لێو بترازێنن ڕۆیشتن.

پاش ئەوان چوومە لای بوئنییە؛ تێک چووبوو. لەماوەی تەنیا ئەو یەک حەوتووەدا تەواو ڕەنگی پیری لێ نیشتبوو. پێستی چرچ ببوو و یەک جێ چەند ددانی کەوتبوون. قژی تەواو سپی ببوو. بۆ خۆیشی دەیزانی کاری کراوە. کە چاوی پێم کەوت ویستی پێبکەنێ؛ نەیتوانی. چاومان لەیەک کرد و برووسکە ڕقێکی شاراوەم لە چاویدا دی.

– تۆ نابێ منت پێ خوێڕی بێ.

هیچم نەگوت، هاتمە دەرێ.

ئێستا کە خەریکی نووسینم گوێم لێیەتی لەگەڵ دئیردر قسە دەکا. دەنگی کزی دیوارەکان کون دەکا؛ بەڵام من لێی حاڵی نابم. بێگومان باسی یەکەم دیمانەیان دەکەن. بێگومان – جا هەر شتێک بێ– چونکو کاریان بەرەو کۆتایی دەچێ.

دەمەویست باسی ڕابردووم بکەم؛ بەڵام ئێستا دووشکم. دەزانم هێندەم دەرفەت نابێ کە باسی ئەوە بکەم چۆنم "ڕاستی" لێ ئاشکرا بوو؛ تەنیا دەکرێ وەک شتێکی ئاسایی – سەربەمۆر– باسێکی لێ بکەم. لەلایەکیشەوە لام دژوارە بڵێم، چۆن و کەی هەموو شتێ دەستی پێ کرد.

لە قوتابخانە هەر لەهەوەڵەوە دەمەویست لەوانی دی باشتر بم. دایمە لە بیری ڕقەبەریی دابووم کە گەورەترین تاوانە و بێ ئەوەی بزانم فێری فەرق و جودایی خستن دەبووم. ڕێزی هێندێ کەسم لا زۆر بوو و تاقمێکیشم هەر بەبەشەر نەدەزانی؛ لام هیچ و پوچ بوون. لەساڵی دووهەمی خوێندنمدا سەبارەت بەوەی سێ جار لەسەریەک لە دەرسێکدا بوومە شاگرد هەوەڵ تەمێ کرام.

بانگیان کردمە "شووڕای دۆستایەتی" و سەبارەت بەم چەشنە ئاکارەم

پرسیاریان لێ کردم. گوتیان لە کۆڵ خۆم بمەوە باشترە؛ چونکو باڵاشم – سەبارەت بەکورتی و درێژی لەچاو جەماوەری دیکە– هەر جێی پرسیارە. لەچاو دیتران درێژتر بووم. پێیان گوتم، ئایا لام وایە لەوانی دیکە بەقەوەتتربم و من لەوەڵامیاندا گوتم لام وانییە؛ بەڵام لەلایەکیشەوە ئەوە شتێکی ئاشکرایە؛ چونکو نمرەی دەرسەکانم ئەوە دەسەلمێنن کە لەوان ژیرتر و تواناترم. وەڵامەکەم کاردانەوەیەکی سەیری بەشوێنەوە بوو. بۆ جارێکی کە "داب و نەریتی هاووڵاتی" بوونیان بۆ شی کردمەوە: مرۆ لە پێناو مرۆ. ماڵێک کە نەکرێ بەش کرێ بایەخی تمەنێکی نییە. تاکو کەمتر بین، کەمتر دەتوانین پێبکەنین. ئاتاج و نیازی یەکمان، ئەرکی سەرشانی ئەوی دیکەمانە. شادی دابەش نەکراوە، خەمێکە تیف تیفە لێدراو و ... و نەیانهێشت ساڵێک بچمەوە قوتابخانە و ناعیلاج کرام هەموو ڕۆژێ وەرزش بکەم و تەمرینی کایە گشتییەکان. هەر ئەوساڵە وەرزشی وەکو مەلێ، هەڵاتن، هۆقە فڕێدان، پێنووسباز، کەوشێن و خلیسکێن و ... کە هەستی ڕقەبەرییان تێدابوو قەدەغە کران. یاسای کایە گشتییەکانیش (وەکو تۆپێن و بەسکیتباڵ و ...) ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هات: هەر لایەک گۆڵێکی خوارد، گۆلێکیشی بۆ حیساب کەن. هەر بۆیەش هەمیشە هەموو کایەکان مساوی تەواو دەبوون.

لەو سەردەمە دابوو "توویا"(١) ناردرایە یانەی ڕاهێنان. کیژۆڵەیەکی خڕیلانەی قژکاڵی لووت لە حەوا. بێجگە لەمن قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد. ئەو ئەمنی هەڵبژاردبوو منیش حەزم لێی بوو. هەموو پردی مابەینی خۆم و هەرماوی دونیام ڕووخاندبوو و تاوانباری تەنیایی لەگەڵی ببووینە جووت و هاوبەش. لەیانە لە پەنای یەکەوە دادەنیشتین، و چاومان دەبڕییە نێو چاوی یەکتر تاکو متمانە بەبوونمان بکەین.

(1) Toya



بەیانیان، لەسەر هێڵە زەردەکان دەمان کردە هەڵات هەڵات، من سێزدەساڵان بووم ئەو دوازدە. لەوە کەرتر و منداڵتر بووین کە هەست بەو هەموو ڕقە بکەین وا لە بوغزی ڕەفیقایەتی نێوان من و ئەودا شین هەڵدەتۆقین و نەماندەزانی ڕاپۆرتی کار و کردەوەمان لەلایەن خەڵکییەوە – بەهۆی "ئەرکی بەرزی سەرشانی مرۆی گشتی" و بەشی سێهەمی "داب و نەریتی هاووڵاتی" یەوە – دەخرێتە دۆسیەمانەوە.

کاربەدەست و بەرپرسەکان بڕیارەکانیان وا دەست بەجێ نەخستە ئارا. ئاڵ و گۆڕو گۆڕانکارییەکانی نێو حکومەت تەکووزی کار و یاسای شل کردبوو.

توویا وێرای بۆم بنووسێ:

«تۆ ، هەر ئەتۆی، لەدڵمدا، لەپەنام هەمیشە و لەهەموو جێیەک. لەجەرگ و دڵ و هەناومدا، تەنیا تۆ نەک کەسی تر.»

بۆ یەکەمجار دوو ڕۆژ دوای نووسینی ئەو نامەیە تێکەڵ یەک بووین. لەمستەڕاحی نهۆمی چوارەمی قوتابخانە. تەنیا کونێک کە دیوارەکانی ڕووناک نەبوون. بەسەر پێوە لێک هاڵاین؛ ئەو پاڵی دابوو بەدەرگاکەوە، قژی زەردی ڕژابووە سەر شان و ملی، لاقی تەواو لێک بڵاو کردبوو. هەروا کە کاروانەم پێ دەکرد دەشیەویست لەپەستا قسەی لەگەڵ بکەم.

– با بزانم هەر تۆی ئاوێزانمی نەک یەکی دی.

یەکێ دیبووینی و ڕاپۆرتی لێ دابووین؛ بەڵام شتێکی وا پێش نەهات. کە زانیم نامەکەی توویایان لێ دزیوم زانیم کار تەواوە. ئەو نەیدەتوانی باوەڕبکا یان نەیدەویست قەبووڵی کات. هەر بۆیە بەورتەیەکەوە گوتی:

– تۆ دێی و دەمبینییەوە؛ دەنا لەهەر کوێ و هەرچیش پێش بێ تۆ دێی و دەمبینییەوە.

بەڵێنم پێ دا کە بەجێی نەهێڵم و لەهەر کوێیەک بێ، بیدۆزمەوە؛ بەڵام نەمدەزانی باسی چی دەکات و پاش ساڵیانێکی دوور تازە تێگەیشتم چی دەگوت و چی دەویست.

لە سێ مانگەی دووهەمی خوێندندا – تێرمی تازە– دەرسەکانی زاوزێ دەستی پێ کرد. یاسا بنەڕەتییەکانیان بۆ شی کردینەوە: «دەست بەڕووی یەکێکەوەنان خەتایەکە بەرامبەر بەکۆمەڵ». «خۆ بەدەستەوەدانی ڕاستەقینە یانی داپسکانێکی بێ هەست و چێژ» و ... بۆوەی لە چۆنیەتی کاری ئەندامەکانی زاوزێ حاڵی بین توویایان ڕووت کردەوە و مەجبوور کرا لەسەر تەختی ئازمایشتی ژنانە، ڕوو لە قوتابییەکان دانیشێ. قوتابییەکان پێدەکەنین و قسەی بەتێکوڵیان تێ هەڵدەکرد.

دەلەرزیم خوێنم دەکوڵی بەوەی ئاوا بەرامبەر بەچاوی هەمووان ناعیلاج دایان نیشاندبوو. مامۆستاش بێ خەیاڵ درێژەی بەدەرسەکەی دەدا و خەتێکیشی دەنا سەر بەشە جۆراوجۆرەکانی خەمشەی. پاشان بانگی کوڕێکی کرد. لێگەڕا توویاش لەسەر تەختەکە بێتە خوارێ. چاوی لە من دەکرد و من و ئەو بەچاو بەیەکترمان دەگوت هیچ شتێ ناتوانێ لێکمان بکا. مامۆستا دەیویست ئەو کوڕە لە بەر چاوی ئێمە خەریکی توویا بێ. توویا هیچی نەگوت، تەنیا لە تەکانەکانی ئاخردا تفی کردە دەم و چاوی ئەو کوڕە.

هەر ئەو ڕۆژە ناردیانە یانەی ڕاهێنان.

مامۆستا پێی گوتین کە ئەو نەخۆش بووە. ئەودەم باش نەمدەزانی ڕاهێنان یانی چی. ئێستا چاک حاڵیم. چەشنە برینگەرییەکە کە مێشک دەگۆڕێ و بەشێوە کارێکی تایبەت دایدەڕێژێتەوە. کردنی ئەم برینگەرییە، یاریدەی مێشکی نەخۆشێکی دیکەی پێویستە. سیللوولەکان تێکەڵ دەکەن و تەکوزی سروشتی هۆش دەشێوێنن. لق و پۆپی غەریزە دەکەن و بیر



و ڕاکان دەگۆڕن. یەکێ لە پێداویستییەکانی ئەو کارانەی کە بەسەر ئەو مێشکانەی دێنن وا برینگەرییان لەسەر دەکەن، مێشکێکی ساغ و سروشتییە تا بتوانن ئەو بۆشاییانەی کاتی عەمەلی مێشکە دەست لێدراوەکەی پێ پڕ کەنەوە.

وانییە بڵێم هەموو ئەم قسانە کە بیستراون تەواو ڕاستن و ڕەنگیشە هەر بەفشە گوترابێتن. من ئەو قسانەم لەکابرایەک بیستووە کە حکومەت بەشوێنیەوەیە و هەر لەو دەوروبەرە خۆی شاردۆتەوە. دوو شەو لەسەر یەک ئەو کابرایەم دی و باسی هەموو ئەو شتانەی بۆ کردم وا چاوەڕوانی دەکردن.

مانگێکی کە توویا گەڕاوە؛ بەڵام دەمامکی پێکەنینی بەدەم و چاوەوە بوو. دەمامکەکە لەدەم و چاوی جیا نەدەبووەوە؛ چونکو تازە بەشێک بوو لە سیمای؛ دەتگوت بەدەم و چاوییەوە قەڵایی کراوە. جیری دەمامکەکە وردە وردە وەها تێکەڵ پێستی دەبێ کە پێست و جیر دەبنە یەک. ئەم چەشنە ئاڵوگۆڕییە تەنیا لەسەر دەم و چاوی دەکرا و ئەوانەی ئەو عەمەلەیان لەسەر دەکرا، لەدوورەوە بەهۆی بزەی تاڵ و ناشیرینیانەوە دەناسرانەوە.

ئەندامی وەک خۆی مابوو؛ ڕێگاڕۆیشتنی، دانیشتنی، لاق نانەسەر لاقی، دانەدانە ماچ کردنی کوڕانی، لەگەڵیان پێکەنین و کایەکردنی. تام و چێژی وردە یادێک کە لەئەندامی خڕ و خۆڵی لە زەینمدا مابوو، وردە وردە تێکەڵ نیگا و ئاکاری ئەو دەمامک لەچاوە بوو وا دایمە لەبەر چاوم خۆی بادەدا و ئیدی هیچی وام لە توویایەک وا دەمناسی لەیاد نەما. بڕیارم دا منیش وەک ئەوان دەست پێ بکەم و لەماچی ئەم لێوەوە بچمە سەر گازی ئەوی دیان و لەم شلکە گۆشتەوە بچمە سەر ئەو شلکە سێوە و دەوروبەرم بکەمە مەیدانی مینی ئیشتیا و تامەزرۆیی و ئەم تام و چێژە شیرینەی وا

له قوتابخانه شێوەی ئاکار و کردەوەی تایبەتیم ببووە هۆی، تەواو لە بیر ببەمەوە.

بەمجۆرە ساڵیانێکی زۆر گوزەران؛ من پێم وابوو چاک بوومەتەوە و وەک خەڵکی کەم لێهاتووە. بەیانییان کە دەچوومە قوتابخانە پاش ئەوەی دەستم لەگەڵ قوتابییەکان لێدەداوە و دەستیانم دەگووشی و بەوردی باسی کەینە و بەینەی تێخزانەکانی دوێنێ شەوم بۆ دەکردن و ئەوانیش هەروا. مامۆستاکان وردە وردە حورمەتیان دەگرتم و من بوومە گۆڵەبانی تیمی تۆپێن. لەسەرکلاس تەواو دەمکردە فشە؛ خۆم لەکەرییەتی دەدا. مەشقەکانم هەر لە گۆترە دەنووسی و یاریدەی ئەوانی دیکەشم دەدا. لەپۆلی خۆمدا بوومە کەسی پازدە و ئەم پلەیە بووە هۆی ئەوەی "شووڕای دۆستایەتی" جایزەم داتێ. جارێک لەسەر فراوین، ئەو کاتەی قوتابییەک دەورییەکی چێشتی کرد بەسەرمدا من هەر پێکەنیم و کەس ئەو گڕکانی ڕقەی نەدی کە دەروونمی لەرزاند و گیانمی خستە سەر ئاو. من یەکێک بووم وەک هەموو، مۆریەکی دەزگا، هەواڵێک، ڕەشاییەک. لەو پەڕی بێخەبەری دا بوومە مەلەوانی زەریای دۆستی نێوان جەماوەر و تەنانەت سەری خۆشم لە کەمترخەمیم سووڕمابوو.

وەها خۆم لەبیر بردبۆوە کە چوومە پاڵ "توویا"ش. لە شەوێکی زستاندا خۆی دا بەدەستمەوە، هەروا کە خۆی دابوو بەدەست خەڵکی دیکەوە؛ بەڵام پاشان کاتێ خەوی لێ کەوت، چاوم بڕییە لەشی بێ هەستی و گریام. ئەو کاتە بوو زانیم هەرگیز چاک نابمەوە.

نەک بڵێی هەر من وابم، زۆر کەس ئەو نەخۆشییەیان لەگەڵ بوو. بۆی هەبوو پاش چەند ساڵێک و بەهۆی سیاسەتی "ڕاهێنان" ەوە بمانفەوتێنن.

کاتی داخستنی قوتابخانە و دەرفەتی وچان، یەکێک لەپێش قڕەی کلاس بووم. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە کۆمیتەی پێوەندی نێوان قوتابییان



پلەی سەر بەرزی و دیپلۆمی "باشی ئاکار" ی بەنمرەی "ب" پێدابووم. بەتەما بووم کار بکەم؛ بەڵام لەو دەمەدا پارتی کرێکاران دژ بەزوڵمی دەرحەق بەئەندامەکانی ڕابوو. ئەوان کە تەنیا حەفتا و پێنج لەسەدی پارەی کارکردنیان وەرگرت، بەو هەستانە توانییان قڕانی ئاخری حەقەکەیان وەرگرن. لەلایەکیشەوە توانییان لە فابریقەکان یاسای بەرامبەری حەق دامەزرێنن، و مەواجیبیان پێوەندی بەجۆری کاریان نەبێ؛ بەڵام ئەگەر یەکێکیش لە سێ منداڵی زۆرتر بوایە یان نەخۆشییەکی ناعیلاجی بایە کە خەرجی دەوا و دەرمانی زۆر بایە، بەجیا پارەیان بۆ تەرخان دەکرد؛ چونکو هۆیەکی وام نەما بۆ کار، لێی بێ خەیاڵ بووم.

کاتێ کە دەمخوێند نێوانم هێندە لەگەڵ میرا -کە کچۆڵەیەکی گرینۆک و ترسنۆک بوو- نەبوو. ئەویش منی خۆش نەدەویست و کارمان بەیەک نەبوو؛ بەڵام ڕۆژێک کوت و پڕ و بێ ئەوەی هۆیەکی سەرەکی و ئاشکرای هەبێ ناردیانە یانەی ڕاهێنان. زۆرجار کاری وا دەکردرا. بەڵام دئیردر زۆری پێ تێک چوو و بوئنییەش بەزەحمەت توانی بیلاوێنێتەوە و دڵخۆشیی بداتەوە.

میرا کە هاتەوە ئیدی ئەو میرایەی جاران نەبوو. چەشنی ڕۆیشتن و قسەکردن و ئاکاری تەواو گۆڕابوو. چاوە سەوزەکانی بەقووڵدا چووبوو و مەمکی لەناکاو گەورە ببوو لێوی نابووە سەر لێوی. هەموومانی داچڵەکاند؛ بەتایبەت من دەمزانی شتێکی سەیر قەوماوە، بەڵام نەمدەزانی چۆنی بڵێم. تازە ئەمشەو کە مەمکی توند و تورتی هاتە دەستم و ماچم کرد، تێگەیشتم.

لێم پرسی عەمەلیان کردووە و ئەو گوتی ئەرێ. ئەوان بۆ ڕاهێنانی توویا کەڵکیان لە میرا وەرگرتبوو.

ئێستا دەزانم توویا بۆ دەیویست بیبینمەوە؛ دەشزانم کە ئیدی درەنگە و کار لەکار ترازاوە.

لە پشت شیشەکانەوە چاوم لەو سەربازانەیە وا هەڵدێن. کراسە سپییەکانیان بەحاڵ لە تاریکاییدا دەدرەوشێتەوە. ئەمشەو بای دێ توویا هاتۆتەوە. ئەو کاتەی ونم کرد پێم وابوو چاک بوومەتەوە و ئێستا کە دیتوومەتەوە دەزانم لەو پەڕی نەخۆشیدام. میرا چاوی لە نووسینمە و بێ تاقەتە. ئەمشەو زۆرم نووسیوە و دەرفەتێکی کەممان بۆ دەستەملانبوون پێ ماوە.

میرام بەخەبەر هێنا تاکو پێش ئەوەی ڕۆژ ببێتەوە، بچێتەوە دیوەکەی. خەواڵوو و پشتاوپشت، هەروا کە دەستێکی بەبەر مەمک و دەستێکی بەبەر گیانییەوە بوو بەسەری پەنجەی چووە دەرێ. نازانم؛ بەڵام ڕەنگیشە پێکەنیبێ. پرچی قەترانی ڕژابووە سەر شان و ملی و ڕانی؛ کازیوەی تەماشا بوو. چاوم لێی بوو، بێ ئەوەی چاوم لێ هەڵگرێ خزا سەر جێگاکەی. سەری خستە سەر سەنیر و نووست. خەوم نەدەهات.

گوناحم زۆر بووە و لە ئەژمار نایەن. هەست دەکەم چاو بەسراو بەرەو هەزار بەهەزارێک ڕادەکێشرێم. ئەرخەیانم لە کەوتنم؛ دەشزانم هیچ شتێ نییە نەهێڵێ بکەوم.

خەڵک لە دەشتەسار بەرامبەر یەک دێن و بزەی شادییان لە دوورەوە دیارە. هەموو ڕاهێنراون. پۆل پۆل پێکەوەن و قۆڵیان ناوەتە قۆڵی یەکتر. کەسێ کە ڕاهاتووبێ ناتوانێ بەتەنێ بەڕێگاشدا بڕوات؛ دەترسێ؛ خۆی بۆ ڕاناگیرێ و بەم لاولادا دەکەوێ. جار جار دەیان بینم کە لێوبەخەندە هەروا کە ڕوویان لە ئاسمانە و لە ترسانە بوونەتە مێوژۆکە، بێ هەست لە سەر قیلەکان درێژ دەبن.

مەحتەلن یەکێک بێ و هەڵیان ستێنێتەوە و بیان باتەوە ماڵێ. بێتوو یەکێک ئەو کارەیان دەرحەق بکات لە کۆڵی نابنەوە و هەتا ماڵێ خۆی ئاوقا دەکەن. نەخۆشی کۆڵەی کوتاوم؛ بەڵام لە لایەکیشەوە بەقەوەتتری



کردووم. پێم خۆشە چەند سەعات لەسەر یەک لە دەشتەسار هەڵێم.

ڕۆژ بۆتەوە. دەبێ کاغەزەکانم بشارمەوە.

ئەوڕۆ بەیانی زۆر هەڵاتم تا گەیشتمە چوار گۆشەی **٤,٣٣٣,٨٢٢** ڕۆژهەڵات کە هێشتا کاری دروستکردنی تەواو نەبووە. مژێکی خەستی ڕەش ڕژابووە سەر ئەو جێیەی وا کرێکارەکان قیلیان لێ دەڕشت. ماوەیەکی زۆر چاوم لێ کردن و ئێرەییم پێ بردن کە چەندە فکریان لەسەر کارەکەیانە. کاتی فراوین کەرستە و ئامرازی کاریان وەلا نا و بابۆڵەکانیان خوارد، کابرایەکم دی کە ئاگای لە ئاژیری دەنگدان نەببوو، یان گوێی نەدابوویە. چۆکی دادابووە سەر لاکێشەیەکی قیل و لەنێو بۆغ و مژێکی خەستدا خەریکی تەپاندن و سافکردنی قیلەکان بوو. خڕپلانەیەکی مات و گرژ، کە هۆشی تەنیا لای کارەکەی بوو بەس کرێکارەکانی دیکە چاویان لێ دەکرد واق مابوون و بەسەر و برۆ ئاماژەیان بۆ یەک دەکرد؛ بەڵام کەس دەنگی نەدەدا. دووراودوور سەرکاریگەرەکەیانم دی کە دەهات بۆلای، هەنگاوێک بەرەو لای کرێکارەکە چووم؛ بەڵام ئەوانی دی هەستان و نەیانهێشت. کرێکارەکە سەری داخستبوو و لەو مژە ڕەشەدا هەر خەریکی کاری خۆی بوو و تەنیا ئەو وەختە سەری هەڵێنا کە سەرکاریگەرەکە لاقی نا نێوەڕاست قیلەکان. سەرکاریگەرەکە ناوو ژمارەکەی نووسی و بێ ئەوەی هیچ بلێ ڕۆیی. ئەوانی دی لە حاند خۆیان وایان دەنواند چاو لە جێگایەکی دیکە دەکەن، لەسەرەخۆ پارووەکانیان قووت دەدا. کرێکارەکە پەشۆکاو خەمبار هەستا سەرپێ و لەتوورەکە جاوەکەی بابۆڵەیەکی دەرهێنا. دەستی دەلەرزی.

چووم بۆلای و دەستم نا سەرشانی.

– تەشریفتان دێن؟

زوو لێم حاڵی نەبوو؛ بەڵام بەشوێنمدا هات و هەروا کە بابۆڵەکەی دەخوارد و من دەستم نابووە گیرفانم ڕۆیشتین. ئەوانی دی دووشک و پرگومان لێمان وردببوونەوە. هێمن و بێدەنگ ڕێگامان دەبڕی. گێژ و حۆل واق مابوو، دەشترسا. لە سیمایدا هەستێکی پڕ متمانەش لەوە دەبیندرا کە کارێکی وای نەکردووە شایانی سەرزەنشت بێ. ئەویش نەخۆش بوو.

پاش ماوەیەک، ئامبلانسێک هات و دوو سەرباز کابرایان سوار کرد. بۆ ئاخر کەرەت گەڕاوە و تەکانێکی لەخۆی دا، وەک ئەوەی بیهەوێ دەستم بگرێ. پاڵێکیان پێوە ناو خستیانە نێو ماشێنەکە و دەستبەجێ ماشێنەکە وەڕێ کەوت. من مامەوە؛ تەنیا و سڕ لەمژێکی خەستی ڕەشدا.

بوئنییە خەریکە تەواو تێک دەچێ. ئەمڕۆ هاتن و چاویان لە لاپەڕەی لەش ساغییەکەی کرد. لەکاتێکدا کە نووسینی ڕۆژانەی دەرەجەی تاویاوی لەش و دابەزینی فشاری خوێن کارێکی زەرووره، ئەو لە بیری چبوو بیان نووسێ. هیچیان نەگوت؛ بەڵام نیگایان لە پشت دەمامکەکانیەوە قەتیس مابوو. قووتوبەکی حەبیان بۆ دانا کە سەعاتێ دەنکێکی لێ بخوات. دەیانەوێ زوو خەلاسی کەن.

بە دئیردرم گوت نەکا حەبەکانی بداتێ؛ بەڵام ئەو وای نواند کە نازانێ دەڵێم چی. ڕەنگیشە هەر لێم حاڵی نەبووبێ؛ نازانم. چۆنیان گوتووە حەبەکانی ئاوا دەداتێ. شەو درەنگان ئەو کاتانەی بوئنییە هەڵدەستێنێ حەبەکانی داتێ. لەو تاریکەسەلاتەدا وەک دوو کوێرم دێنە پێش چاو کە دەست دەنێنە نێو دەستی یەک و لەگەڵ یەک بەهەزار زمان دەدوێن.

ئەمڕۆ بەیانی مرد. لەوێ بووم. دوو سەربازیشی لێ بوو کە دەرزییان لێ دا هەر ئەو دەرزییە خستی. ئیدی بۆ ئەوە نەدەبوو بەتەمای بی. ماوەیەکی کورت پێش ئەوەی بمرێ گوتبووی:



– من ئەوە بەتەنێ و تاک دەمرم با تەنیاییش گوناح بێ.

ئەو دوو کابرایە بەو پەڕی بێزاری و ڕقەوە سەریان داخستبوو. دەستیم گرت و گوتم:

– لێت حاڵیم.

چاومان لە یەکتر کردو ئەو گوتی:

– نابێ بەزەییت پێمدا بێ.

دەستی لەدەستم دەرهێنا و بەفیزێکی سەیرەوە سەری ڕاست کردەوە. وشک و سڕ چاوی بڕییە سەربازەکان و گوتی:

– هێشتا کارم مابوو.

هەمیسان گوتی:

– کاری تایبەتی خۆم.

ئەو دژوێنە تاڵە، بێدەنگی بەشوێنەوە بوو. کە دیتی فرمێسک سەر گۆنای دئیردری تەڕ کردووە گوتی:

– مەگری؛ بەزەیی پێدا هاتن کارێکی تەواو قۆڕ و کەرانەیە.

دئیردر بەسەر سوڕماوییەوە چاوی لێ کرد و گوتی:

– ماچم کە.

هێندەی نەخایاند مرد. سەربازەکان بەئامبولانس بردیان و چەند لاپەڕەشیان بەدئیردر واژۆ کرد. پێش ڕۆیشتن سەربازێکیان بەرامبەر بەمیرا ڕاوەستا و نیگای سارد و وشکی بڕییە قووڵایی نیگای. میرا هێدی، نیگایەکی لێڵ و پڕ لە بێزاری تێ بڕی کابرا وشک وەک دار چاوەدێر بوو. لەکاتێکدا نیگای سەربازەکە بەشوێنییەوە بوو و دیوارەکانی دەبڕی، ئاخری میرا ڕۆیی و چووە دیوەکەی.

بێ ئۆقرە، بەتەمام بیبێتە شەو. سیمای بوئنییەم هەر لەبەر چاوە؛

نیگایەکی مات و ڕەشێنەیەکی لێڵ. شەوێ میرام بانگ کردە دیوەکەم و ڕووتم کردەوە. دەم و چاوم بەزگییەوە گوشی، بەڕانی گەرمییەوە. نەجوولاوە، نەترازا. هێشتا نەهاتبووە جۆش و مەحتەل بوو. لاقیم کردەوە، بۆ ئەوەی مەست بم، بەلادا بێم و ون بم. قۆڵمی گرت و سەرمی دوور کردەوە و بەویرەوە گوتی:

– خوێڕی تۆ...

ڕەنگبێ جاروبار وای لێ بێ، کە ئەو لەشەی وا لەباوەشی دەگری و خۆشت دەوێت لێت تێک بچێت لەگەڵ ئەو لەشەی وا لێی لەدایک بوویت. هێمن و هێدی، هەروا کە بزەیەکی لەسەر لێو بوو، چاوی تێ بڕیبووم. ئاخری گوتی:

– من دئیردر نیم!

بە پۆز و بەفیزێکەوە، لەو بەری منەوە دانیشتە سەر چۆک و وردە وردە کەوتە ئاسۆی چاوەکانمەوە.

– ئەمن میرام.

پێش ئەوەی بهێڵم زۆر وەدرەنگ بکەوێ، دەبێ باسی میرا بکەم.

بێ ئەوەی دەست بەنەردەوە بگرێ هێدی لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوێ. لەهەر کام لە هەنگاوەکانیدا چۆکی وەدەر دەکەوێ. بێ کەوچک ، چێشت دەخوا. دەستی ناسکە و سپی هەڵگەڕاو. بەری دەستی خڕە و قەڵەو؛ بەڵام قامکی درێژ و باریکن، نینۆکی شین دەکات. لەو شتانەی دەینووسم، سەیر ورد دەبێتەوە. وەختێ سەری دادەخا کاکۆڵی دێتە پێش چاوی و بەلەرەیەکی سەر لایدەداتەوە. چاوەکانی، وەکی زۆر جار پێم وایە سەوزی مەیلەو قاوەیی نین، سەوزێکی کاڵن، چاو پەڵە و بادامی. لێوی کاڵە؛ لێوی سەرەوەی قەیتانی و لێوی خوارێی پان و گۆشتن. کوڵمی تورتن و لەسەر ئێسک هەڵکشاون. مەمکی قووت و پڕە. لە ژێر ئەو کراسەی وا



لەبەریدایە هیچ لەبەر ناکات، بۆیە هەناسەی بەگۆپکی مەمکییەوە دیارە. نەقەت ماتەو نەقەتیش تەواو کەیفساز. لێو بەبزە نییە، بەڵام جار جار پێدەکەنێ. دەنگی پتەوە بەڵام زووڵاڵ. کەم بەپەلە قسە دەکات.

شەوانە ئەو کاتانەی تەواو تاریکی دەکات و ناتوانن بمان بینن، وەک تووپیا پاڵ دەدات بەدیوارەوە و من دەست دەنێمە سەر سمت و نەرمایی کەمەری و ئەویش تاکو بتوانێ و ڕێی هەبێ بەرەو پشتەوە خوار دەبێتەوە.

وەختێ بیەوێ شتێ هەڵقوڕێنێ بەهەر تک دەستی، لێوان یان فینجانەکە دەگرێ.

شوێنی قامچییەکان هێشتا لەسەر پشتی سپی و سۆڵی دیارە.

جار جار –شەوانە–، میرا زۆر بەهێواشی و بەپەلە قسەم بۆ دەکات. خۆی دەدا بەسەرمدا. دەچێتە سەر ئانیشک و سەری تەنیا ئەوەندە لێم دوورە کە قژی لەدەم و چاوم بخشێ.

– دەزانی ناتوانی لەدەستیان هەڵێی؟

– ئەرێ.

بڕێک بێدەنگی. سەری بەو لادا دەخات.

– دەمامکت لەچاو دەکەن. ڕاتدێنن.

پێدەکەنێ و دیسان دەڵێ:

– فێرت دەکەن هەر ئەوەندە بەتەنێ بووی لە ترسانا بیکەیە هاوار. فێرت دەکەن حیز و خوێڕی کزی گۆشەی دیواران بی. فێرت دەکەن بکەویە سەر لاقی هەڤاڵانت و سواڵی تۆزێک گەرمای بەشەری بکەی. وات لێ دەکەن فێربی خۆشەویستی بقۆزییەوە. خۆشت بوێن و خۆشیان بوێی؛ بیانکەیە هاوبەشی هەموو شتت. ناعیلاج دەکرێی بچییە پاڵ چەتیوومەتیوان؛ بەقەڵەو و کز یان، پیر و جەحێڵیان. هەموو شتێکت لێ تێکدەدەن، فکرت دەشێوێنن تا بێزار بی لەوەی دەتویست پێی بگەی،

لەوانەی وا بەکەیفت بوون و پێیان دەگەشایەوە. وات لێ دەکەن لە خۆت هەڵێی و هەر ئەوەندە نێوی ئارەزووەکانت بێ، بترسی و برشێیەوە. دەچییە پاڵ ناحەزترینی ژنان و چێژ لە بەزەیی و باوەشیان دەدزی. قۆڵیان بۆ هەڵدەکەی و کاریان بۆ دەکەی و پیاوێکی میسالیی لەنێو ئەواندا جێی خۆت دەکەیەوە وەک گارانێک پێکەوە بەرەو دەشتەسار هەڵدێن؛ خۆت و هەڤالانت. هەڤالانی بێ ئەژمارت و هەر ئەوەندە چاوت بەکابرایەک بکەوێ کە بەتەنێیە، نەک هەر تۆ، هەر هەمووتان چاوتان لێ زەق دەبێتەوە و ڕقتان هەڵدەستێ و بەگەلەپێتان وەهای دەدەنە بەر شەپ و زللە کە نەناسرێتەوە و ئیدی پێکەنینی نەبیندرێ؛ چونکو بێگومان پیاوێک کە بەتەنیا بووبێ، پێشکەنیوە لە تەنیاییدا. ئایا تۆ هەموو ئەوانەی وا گوتم دەزانی؟

– دەزانم باش دەزانم.

شەوێ یەکێک لە دەوروبەری ماڵمان هەر هاتوچۆی بوو. چەند جارم دی. ژن بوو؛ ژنێکی ڕاهاتوو. هەروا کە لە بن چراکاندا هەڵدێ، پێشدەکەنێ و زۆر جار چاو لە ئێمە دەکات. بزەی لە ژێر تیشکی چراکاندا دەدرەوشێتەوە.

دوێنێ شەو تا بەر دەرگا هات؛ بەڵام هەر ئێمە چووینە پێشێ، نەما. ئەو شەو مەحتەلین بێت. قژکاڵێکی خرپلانەیە و بۆ ئەوەی پۆلی سەربازەکان نەیبینن بەنێو ماڵەکاندا، هەڵدێت. ڕەشی لە بەردایە تاکو کەمتر لەچاو بدات؛ بەڵام بزەی لەدوورەوە دیارە. یەکێ کە ڕاهێنرابێ کەمتر وایە بتوانێ بەشەو وەدەر کەوێ، تەنانەت پۆل پۆلیشیان. ئەوەی چۆن دەتوانێ و دەوێرێ بێتە دەرێ، سەیرە.

میرا دەڵێ ئەوە هات.

هات. تا قەراغ شیشەکان و دەستی پێوەنان و چاوی لێ کردین.



بەدەست و سەر ئاماژەم لێ کرد بەڵام هەر هیچ، هیچ، وەک ئەوەی نەیدیبێتین. چاومان بەدوو سەرباز کەوت کە بەرەو ڕووی دەهاتن و ویستمان حاڵی کەین، بەڵام هەر نەجووڵاوە. پاشان بزە و پێکەنینیمان دی کە تەقی وەک مقەبا، کوڵمی بەقووڵدا چوو و چاوەکانی دەمامکی دەم و چاوی لەت لەت ببوو و ئەو هەڵیدەکەند وێرای پێستی ڕوومەتی خوێن، شەلاڵی خوێن، ڕووباری خوێن. بۆ جاری ئاخر چاوی لێ کردین، ناسیمەوە، زانیم کێیە! توویا ڕوومەتی ناسک و شەق بەشەلاڵی خوێن و فرمێسکی نا بەشیشەوە و شتێکی گوت کە حاڵی نەبووم. هەرکام لە سەربازەکان قۆڵێکیان گرت و بردیان.

ئاشکرا بوو برینگەرییەکی نیوەچڵ لەسەر توویا کرابوو و ئەو پۆخڵەی نەخۆشییەی لە مێشکیدا مابوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ باشتر خۆی گرتبۆوە و وەها گەیبوو کە دەمامکەکەی پچڕاندبوو. پێشتر لە مەڕ ئەو برینگەرییە نیوەچڵانە شتێکم بیستبوو بەڵام قەت وا نەڕەخسابوو ئاوا بەئاشکرا ئاکامیان ببینم.

ئەو شتەی لەم ڕووداوە و ڕووداوی جۆراوجۆری دیکەی وەک ئەوەدا کە بۆم دەگێڕنەوە سەرنج ڕاکێش و جێی باسە. ئەژمارەی زۆری نەخۆشان و کەوشەنی نەخۆشییەکەیانە. پێم وایە هێشتا خەڵک بەو ڕادە لە ڕاهێنان نەگەیبوون وا حکومەت دەیەوێ و ماویانە هەڵبەت سەبارەت بەو گرفتە من ناتوانم قازیبیەکی باش بم؛ چونکە بۆخۆم نەخۆشێکی تەواو گرفتارم. هەر چی بێ و هەر چۆنێکیش بێ – باش یان خراپ کەیفی خۆیەتی– من هەتا قیامەت سیمای خوێناوی توویام لە پشت ئەو شووشانە لە بیر ناچێتەوە.

ئەم هەڵکەوتە نامۆبارەکە میرای تەواو شێواندووە. وەڕەزی کردووم هێندەی سەبارەت بەتوویا لێ پرسیوم. پرسیاری سەیر سەیر، وەک ئەوەی سەبارەت بەخۆی بپرسێ.

ڕۆژ و پەڕی کاغەزم زوو زوو ڕوو لە کۆتایین. لەکاتێکدا زەمان بۆ جەماوەری دی بەهاتنی سەری ساڵ و تێپەڕینی ساڵەڕۆژێک دەژمێردرێ، من تاک تاک ڕۆژی تەمەنم دەژمێرم. دەزانم زۆری پێ ناچێ و نەخۆشییەکەم لێم دەکاتە هاوار. بەڵام سەیرە نە لە مردن دەترسم نە لەوەی ڕابهێنرێم. تەنیا بەکۆڵێک پەژارەوە خەریکم ئەو شتانە دەبژێرم وا دەبوو بقەومێن و ناقەومێن. چ پێچەڵاو پووچە دونیای پڕ لە هەڵە و خەتام، کوانێ دەستێک بتوانێ دەرم بێنێ لە گێژاوی نادیاری سەر لێشێواویم و ڕێگام بهێنێتە بەر دەم؟

میرا تەیارم دەکا بۆ مردن. بڕوام پێیەتی.

باسی ناڕاستیش دەکا و دەڵێ ڕۆژێک غەدری لێ دەکەم. لە پێشدا دەڵێ قەی ناکات و پاش سەعاتێک دەست دەکا بەگریان و لێم دەپرسێ ئایا کو خەیانەتی پێ دەکەم؟ پرسیارێک نییە کە بتوانم وەڵامی دەمەوە؛ چونکو نازانم؛ ناکرێ بزانم. ڕوومەتم دەگرێتە نێو لەپی دەستە ناسکەکانییەوە و ماوەیەکی زۆر، بێدەنگ، چاو لەیەک دەبڕین، وەها کە چکۆلەترین خەتی دەم و چاوی یەکترمان لەبیر بمێنێ ئەی بەڵکو پاش برینگەریش بتوانین یەکتر بناسینەوە، هیوایەکی پڕ و پووچ..

ئەمڕۆ چوومە لای ئەو کابرایەی وا لە ماڵەکەیدا قوڵکی هەڵدەکەند. چاک چۆتە پێشێ و ژێرخانێکی تەواوی هەڵکەندووە. ئەوشەو دەیەوێ بۆ ئاخر جار بچێتە نێوی و ئیدی نەیەتەوە دەرێ؛ دەیەوێ بەتەنێ حەوتوویەک لەو تاریکەسەڵاتەدا بێ. بڕێکی نان و ئاو داناوە و لەمێژە خەریکی نەخشەی ئەو جەنایەتەیە. ئەوشەو ژنەکەی لەخۆڕایی چاوەڕێی دەبێ و لەخۆڕا بەشوێنیدا دەگەڕێ ئیدی نایەتەوە سەرێ و تا قیامەت لەو کونەدا بەتەنێ دەمێنێ و بۆ هەوەڵ جار و ئاخر جار لە ژیانیدا هامووتا دەبێ.

ئێستا کە خەریکی نووسینم، دێتە بەر چاوم کە لەسەر ئەو خاکە شێدارە



دانیشتووە و ڕەنگبێ خەریکی خواردنی شیرینییەکی وشک بێ. ڕەنگیشە لەسەر پشت درێژ بووبێ و لەو تاریکاییەدا چاوی زەق کردبێتەوە. بۆشی هەیە خەوتبێ و سەری خستبێتە سەر ئانیشکی.

میرا لە کەروێشکەخەودایە؛ چاوەڕێ بوو نووسینم تەواو بێ. لەسەر چرپاکەم دانیشتبوو و چارەکەیەکی دابوو بەشانیدا. سەری لار بۆتەوە ڕەنگە ئێستا خەوی لێ کەوتبێ. بەهەناسەی، مەمەکانی قووت دەبنەوە، دەستی ڕاستی لەلاقم توند کردووە. چاوم لەو سەربازانەیە وا لە دووڕڕا فڕکەفڕکیانە. سیمای میرا وەک بۆیە کە بڕژێتە سەر مەلافەیەکی سپی و ڕژاوەتە سەر نسێی پرچی.

ئێستا دئیردر گوتی بەم زووانە جێگری بوئنییە دێت. باسی نەکرد کێیە. چاوی لێ نەکردم و ئەو قسانەی کرد. لەپاش مەرگی بوئنییەوە -وەکی باوە- زۆر پێدەکەنێ؛ بەڵام چاوی مردووە. میرا گوتی ئەو چۆتە وەزارەتی پێوەندییەکان و تکای کردووە کەس لە جێگای بوئنییە نەنێرن؛ بەڵام گوێیان بەداخوازەکەی نەدا. هەواڵێکی ناخۆش بوو؛ چونکو ڕەنگە بەهۆی ئەم کارەی ئەوەوە کارگێڕی ڕەسمیی حکومەت لەماڵی ئێمە ورد ببنەوە. میرا گوتی دەبێ کچێک هەڵبژێرم؛ بەڵام من نامەوێ. ناشمەوێ پیاوێک ببێتە دۆستی، هەر چۆن بێ نازانم؛ بەڵام کات کەمە و گرنگ. ئەمشەو دەشتەسار پڕە لە سەرباز. بەشوێن ئەو کەسەوەن وا خۆی لەژێرخاندا شاردۆتەوە. ژنەکەی هەواڵی نادیاری و ونبوونی داوە بەوەزارەتی تەکووز. وەختی خۆی نایبیننەوە. قسە لەسەر ئەوەیە کە میر.

دەستم لە نووسین هەڵگرت؛ چونکو لەلای دەشتەسارەوە گوێم لەهاوارێک بوو. کابرایەکم دیت بەنێو ماڵەکاندا هەڵدەهات، هەر ئەو کابرایە بوو وا خۆی زیندە بەچاڵ کردبوو. سەربازەکان حەشارگەکەیان دیبۆوە. ڕووت و قووت بەژێر چراکاندا هەڵدەهات. لە ئاکار و ڕاکردنیدا

هەستت بەگەشە و شادی دەکرد. جار جار کاتی هەڵاتنی نائومێدانە و بەشەوقێکی شێتانەوە لەخۆوە هەڵیدەخستەوە. دەنگێکی تیژ دەزرینگاوە و سەربازەکان وەک گرووپێکی هەڵپەڕکێ هاوکات، بەقسەیان دەکرد. هەر کراسی سپی بوو کە بەدیارەوە بوو. ئەوەندەی نەخایاند دەوری کابرایان گرت. خۆی بینی کە ئەسیرە لەنێو بازنەی سەربازاندا و بەهەناسەبڕکێ و دەمی داپچڕاوەوە چاوی تێ بڕین.

شەق و ڕەق ڕاوەستابوو. بەفیزێکەوە سەری قوت کردبۆوە. سەربازێک لەوانی دی جیا بووەوە و بەرەو ڕووی چوو. کەس نەجوولاوە. کابرا سەربازەی دا بەعەرزیدا و بەهێز و قەوەتی دەستی لە ملی توند کرد و وە قرخە قرخی خست. پاش ماوەیەک لینگەفرتێ، سەرباز بەلادا هات. کابرا هەستاوە و نەڕاندی پاشان سەربازەی هەڵێنا سەر دەستی و بەرەو ڕووی پۆلەکەیان حەوای دا. شریخەی گوللە هات و دەم و چاوی کابرا بووە سوورێکی توند. یەک دوو چرکە بەم لاولادا کەوت. سەربازەکان چاوەڕێی کەوتنی بوون. کابرا تلاوتلی دەدا؛ خوار بۆوە و پێش ئەوەی بۆ ئاخر جار تەواو بکەوێتە سەر عەرز، قیت ڕاوەستا.

سەربازەکان هەڵیان گرت و بەرێکوپێکی و شێوەیەکی تایبەت بردیان. ئێستا دەشتەسار پەپووی لێ دەخوێنێ.

ئێمە ئەوانەمان دیت و من ئەو جۆرەی دیبووم نووسیمن.

لام ناخۆشە باسی نەخۆشییەکەم بکەم. لە خۆوە دەست پێ دەکا؛ بێ ئەوەی بێشێ یان دروشمێکی ئاشکرای لەگەڵ بێ. لەناخەوە هەستی پێ دەکەم. هەست دەکەم لەدەروونمدا بەتەواوەتی ڕیشەی داکوتاوە؛ بۆ وێنە: لەقسەکانمدا زۆر جار بەهەوەڵ کەسی تاک قسە دەکەم. ڕستەکانم ئاوا دەست پێ دەکەم: "من لەسەر ئەو بڕوایەم.." یا "من پێم وایە..."؛ بەڵام کابرایەکی ساغ دەڵێ:"بڕوا لەسەر ئەوەیە..." یا "زۆربەیان پێیان وایە..."



لەلایەکیشەوە پێم خۆش نییە هەر دەستم لێ بدرێ و ئەمە نیشانەیەکی زۆر پڕ لەمەترسییە. خەڵک قۆڵ دەخەنە قۆڵی یەک یان دەست لە نێو دەستی یەکتر؛ شان بەشانی یەکتر دەڕۆن. بەتایبەت کەتازە چاویان بەیەک بکەوێ و یەکتر ببینن. من ئاوا ناتوانم. وا تێک چووم کە نیشانەی نەخۆشی پێمەوە جوان دیارە. پێش هاتووە کە پێم وابێ تەنیا بۆوەی بەیەکێک بڵێم خۆشم دەوێی، دەبێ بەرەوڕووی پێبکەنم. بەو پێکەنینە بووە کە هەڵمبژاردووە و لەخەڵک جیام کردۆتەوە و ویستوومە هەر ئەو خۆشەویستی من لە خۆ بگرێ. لەکاتێکدا کە کابرای ساغ بەرەو ڕووی هەموو کەس پێدەکەنێ. لەدەشتەسار، شوێنە چۆڵەکانم پێ خۆشترە؛ ئەو جێیانەی کەمتر کەسی پێدا دەڕوا و بێدەنگترە. کابرای ساغ بەشوێن جێگای قەرەباڵغ و هەرا و هوریاوەیە. هەر ئەوەندە ببینم ئەوە شەش حەوتی خەریکن لەیەکێک دەدەن. دەروونم هانم دەدا بچمە بەهانای ئەوەی وا بەتەنیاترە. کابرای ساغ دایمە هۆگری لای جەماوەری گشتییە. بۆ ئەوەی یاریدەی یەکێک بدەم هەر ئەوەندەی ئەو پێویستی بەیاریدە بێ نابێتە هۆی ئەوەی من یاریدەی دەم؛ دەبێ بۆ خۆشم پێم خۆش بێ یاریدەی بدەم.

کاتێ نوێنەری کۆمیتەی خێر و چاکە بۆ خڕکردنەوەی ئەو پارەیە دێ –کە دەبێ هەموو ڕۆژێ بیخەینە قوتووی بەردەرگاوە– ڕووی لێ وەردەگێڕم تاکوو نەڕشێمەوە.

جاروبار تووشی ئەو کرێکارانە دەبم وا لە کارخانە دێنە دەرێ. دەیانبینم کە هەموو تێکڕای یەک دێنە دەرێ؛ وەک کرێمێکی نەرم و شل. پسپۆڕ و زانا و بەرپرسەکانیش لەگەڵ کرێکارەکان دێنە دەرێ؛ ئەمە یاسایە. ئەوانیش جلی یەک ڕەنگیان لەبەردایە؛ بەڵام لە دووڕا دیارن و دەناسرێنەوە. هەرچەندە سەریان دادەخەن و قژیان هەڵدەدەنەوە و ڕۆنیشی لێ دەدەن؛ بەڵام هەر بەچاولێکردنێک دەناسرێنەوە. بۆ خۆشیان ئەوە

دەزانن و پێوەی ماندوون و ژاکاو. حەولیانە لەگەڵ کرێکارەکانی دیکە جەفەنگ لێدەن و تارادەیەک فشە بکەن، شەڕابیان لەگەڵ بخۆنەوە؛ بەڵام هەر خۆیان بەقسەی خۆیان پێدەکەنن. ئەو شەڕابەی وا هەموو لێی دەخۆنەوە پێیان خۆش نییە. کە دەیانبینم، خەمێکی گەورە دەنیشێتە سەر دڵم و هەروەها شادییەکی گەورەش دامەدگرێ. ئەوانەش نیشانەی نەخۆشیی منن؛ بەڵام کە بتەوێ بۆ هۆیەکانی بگەڕێی دەبێ چاو لە ڕابردوو بکەی ئەوە کاری مێژوو نووسەکان نییە کە بیانەوێ بینووسن؛ چونکو هەموویان ڕاهێنراون و هیچیان لە بیر نەماوە.

یەکێک لە جێی بوئنییە هاتووە؛ ڕاهاتوویەکی تەواو. دەبێ زۆر لەوە پێش برینگەری کرابێ؛ چونکو دەمامک و پێستی دەم و چاوی بوونەتە یەک. دایە پێدەکەنێ، هەر بۆیە نابێ شکی لێ بکەی. ڕیوەڵەیکی هێدییە. پێیان گوتووە زگی دئیردر پڕ کات. کارگێڕە پزیشکەکان سلامەتی دئیردریان هەڵسەنگاندووە و پێیان وایە دەتوانێ منداڵی ببێ. دئیردر تاقەتی نییە و دەڵێ پێم خۆش نییە منداڵم ببێ. کارگێڕە پزیشکەکان دەزانن ڕەنگە دئیردر بەسەر ئەو منداڵەوە بچێ.

ناوی "ڕودک"(١)ە و لە شالیارییەک کار دەکات؛ کام وەزارەت نازانم. ئەوشەو میرا نایەتە لام. لەسەر لاشان ڕاکشاوم و هەر دەنووسم و خولی جارێک سەر هەڵدێنم نەکا ڕودک خۆی لێ مات دابێتم و سیخوڕی بکات.

لەسەر شێو بێدەنگ نەبوو. هەر جۆکی گێڕاوە و پێکەنی. قاقای کورت و زل، جار جار دەتگوت دەقیژێنێ. تاوتاو دەستی دەنا سەر دەستی دئیردر و ئەویش ناعیلاج پێدەکەنی؛ بەڵام هەموو جارێ دەستی لە ژێر دەستی دەردەهێنا. پاش شێو شریخەی گوللەیەک لە دەشتەسارەوە هات. ڕودک لە جێگاکەی قوت بۆوە و هەستایە سەرپێ. لیوانەکەی دەستی دانا و وەها

(1) Rodec



مستی خۆی گوشی کە جمگەی سپی هەڵگەڕا. بەدەنگێکی گیراوەوە گوتی بێگومان سەربازەکان خەریکن یەکێک دەکوژن. چاوی میرام دی زەق بۆوە؛ بریقەی داوە و قاقام کێشا؛ دئیردر و میرا گورج چاویان لێ کردم و هەر دووکیان پێکەنین. لە کاتێکدا تێکڕا قاقایان کێشا کە سیمای بەبزە نەخشاوی ڕودکمان لەسەر سەیاد بوو. دڵنیام دەیویست هەڵمان سەنگێنێ؛ بەڵام هێشتاش حەیرانی بێشەرمی ڕەوشتەکەیم.

بەمیرام گوت ئەگین ڕودک خەوی لێکەوت دەچمە لای.

خەوتووە؛ چوومە بەر دیوەکەیان و لەپشت دیوارەکەوە چاوم لێ کرد. لەسەر پشت خەوتبوو سەری نابووە سەر شانی دئیردر، دەستی لەسەر سینگی قفڵ کردبوو و شەوقی چرایەکی نێو دەشتەسار سیمای خەندە لێوی، ڕووناک کردبوو. دئیردر بەخەبەر بوو. چاومان کەوت بەیەک. لەشی لە ژێر مەلافەکەوە دەتگوت دارە، دەتگوت تینی ڕودک هەموو هەست و خوێنی لێ گرتووە. پاش ماوەیەک حاڵی کردم دەبێ بڕۆم، بەقسەم کرد.

میرا لەسەر پانایی کەتەکەی درێژ بووە. قژی ڕژاوەتە سەر عەرز و لەشی سپی و ناسکی لە تاریکاییدا شەپۆل دەدا. هەڵنەستا؛ بەڵام لەگەڵ چوونە ژوورێم جووڵاوە نواندی کە چاوەڕێم بووە. لە مێژ بوو مەحتەلی پرسیارێک بووم و قەتیش پێم خۆش نەبوو گوێبیستی بم:

– تۆ بەشوێنمدا دێی، دەنا؟ دەشمبینییەوە؟

ئەورۆ زۆر بەرێدا ڕۆیشتین

میرا دەیەویست کچێک ببینێ لەمێژ بوو دەیناسی و لە چوار گۆشەی ٤،٣٣،٩٥٨ ڕۆژهەڵاتدا –کە چوارگۆشەیەکی کۆنە و ڕەنگە خراپی بکەن– دەژی. قیلی ئەوێ هەمووی خراپ بوون و ماڵەکانیش لە گەندوگوودا ڕەش هەڵگەڕاون. بگرە هەمووی جەماوەری، ڕاهێنراون و ئامبلانسەکان شەو و

ڕۆژ فڕکەفڕکیانە. دوای گەڕانێکی زۆر دۆستەکەی میرامان دیتەوە. ڕایانهێنابوو و میرای نەناسییەوە. ئاوس بوو زگێکی زەلام و قژێکی ڕەش. لەبەر دەرگای ماڵێیان دانیشتبوو؛ ماڵێک کە تێیدا لەگەڵ دوو ڕاهاتووەی دیکە هاوبەش بوو. زۆری جۆک بۆ گێڕاینەوە؛ بەڵام یان ئاخرەکەیانی لە بیر دەچۆوە یا لە نیوەیدا قفڵی دەکرد و یەکی دیکەی دەست پێ دەکرد. هەر ویستمان بڕێکی پرسیار لێ بکەین، نزگەرەیەکی دا و لەقسە کەوت. دەم و لەوسە برینگەری کراوە جوانەکەی کردە ئاسمان و هەروا کە دەستە بزرکاوەکانی بەسەر زگیدا دێنا، بەدەنگێکی کزەوە دەستی کرد بەخوێندنەوەی "یاسای هاووڵاتی."

زۆر زوو بەجێمان هێشت و پێکەوە -دەست لەگەردن- گەڕاینەوە. ڕێبوارەکان مۆڕەیان لێ دەکردین. نابێ لەدەشتەسار تەنیا بەڕێدا بڕۆی. جاروبار پۆلی ڕاهاتووەکان پێیان وابوو ڕێگامان لێ ون بووە و بەرەو پیرمان دەهاتن و دەیانەویست لەگەڵیان یەککەوین.

جێگرەکەی بوئنییە لەماڵێ چاوەڕێمان بوو. دووراودوور دیتمان کە لەپشت دیوارەکانەوە پێدەکەنێ. لێی پرسین لە کوێ بووین. میرا وەڵامی داوە. چاوی هەر لێ نەکردین، دەتگوت بەرەو ڕووی هەموو ئەو جەماوەرە پێدەکەنێ وا لە دەشتدان.

– هەڤاڵێکی کۆن؟

– وانەمابوو. ڕایانهێنابوو.

تەواو پشتی تێ کردین. ئا بەم جۆرەیە ڕاهاتووەکان دەینوێنن کە پێناکەنن.

تا بوو بە بەیانی لەگەڵ میرا قسەمان کرد. نامانەوێ ئەوماوە کەمەی لای یەکمان ماوە، بە خەو بەفیڕۆی بدەین. میرا گۆڕاوە. ئیدی وەک جاران



لەباوەشم ناکات. وەک ئەوەی بیەوێ ئاگای لێم بێ دەستی لە پشتم قفڵ دەکا و دەیکاتەوە. سەرم دەگرێتە نێو قۆڵی و دەمگوشێ بەزگییەوە. لە تاریکاندا، هەست دەکەم تەورێک لەسەر سەرمانەو دەیەوێ دەستی ئەو و سەری من بەزەبرێک ببڕێ.

بەڕۆژ ئاکاری جیاوازە؛ هیچ لەبەر ناکات؛ ڕووتییەکەی دڵتەزێنە. پاڵ دەدا بەدیوارەکانەوە. لەنگەر دەگرێ و دەلەرزێ و چاوە سەوزەکانی دەبڕێتە ڕێبواران. دئیردر -کە لەمێژە ئیدی قسەمان لەگەڵ ناکات- لەبەری هەڵدێ؛ بەڵام میرا کاری بەکەس نییە. لەسەر مێزی فراوین یان شێو کە دەنوشتێتەوە بۆ وەی دەورییەکان هەڵگرێتەوە، مەمکی لە دەستی من و مێزەکە دەخشێنێ.

ئیدی بەجۆکەکانی ڕودک پێناکەنێ. لەبەرامبەری دەست لەسەر سینگ -وەک ئەوەی سەرمای بێ- سڕ ڕادەوەستێ و وەک بزمار چاوی تێ دەبڕێ؛ بەڵام شەوانە بەخۆیەوەم دەگوشێ. بێ ئەوەی لێو بترازێ و هێدی دەرگای بەهەشتیم بەرەوڕوو دەکاتەوە. هێندەمان نەماوە؛ تەواوە ئیدی.

کەمم کاغەز پێ ماوە و دەبێ بتوانم تێیاندا باسی هەموو ئەو پەژیوانییانە بکەم وا تووشم بەتووشیانەوە بوو. باس لەو شتانە بکەم وادەبوو ببن و نەبوون، لەوشتانە کە دەکرا سازکرێن و خراپ کران، لەو کارانەی کە کات و تەمەن دەرفەتی کردنیانی پێ نەدام.

چۆن باسی ئەو هەموو نەکراوە و نەبوونییە بکەم، چۆن باسی ئەو هەموو شیاوی بوونە بکەم وا نەبوون و بێدەسەڵات مەتەرێزی دەروونم تێک دەپێنن و من لە خۆڕایی لەگەڵیان یەخە بەیەخە دەبم، دیوارێکە کە قەت ئەو بەری نابیندرێ و نایبینم؟ دیوار: ڕووناکی دەشتەسارە، چراکانە، لەمپەرە بەرچاوەکانە و زگ و نێوکی میرایە؛ من لەپێناو ئەو دیوارەی ئاخریاندایە کە سەر دەنێمەوە.

لە ناخمدا هەست بەئالۆگۆڕێک دەکەم. هێشتا نازانم چییە و هی چیشە؛ ناشمەوێ بیری لێ بکەمەوە. جار جار پێم وایە دەکرێ چاری کەم؛ بەڵام دایمە لە ئەگەر و نەگەردام.

هەمیشە پێم وابووە کارێکم پێ دەکرێ؛ بەڵام قەتم هیچ نەکردووە. جاروبار گورج و گۆڵ بەسەر قیلەکاندا دەڕۆم، بەڵام قەت بەهیچ کوێ ناگەم. دەزانم بێتوو لە دونیایەکی دیکە یان لە بارودۆخێکی دیکەدا بایەم، نەک دەمزانی بۆ کوێ دەچم بەڵکو بەو هەنگاوە توندو قایمانەوە –بێگومان– بەئاکامی ڕێگاش دەگەیشتم.

تەنیا شتێک دەتوانێ ڕزگارم کات: درکاندن و نووسین، ئەم شەهادە و ئاگادارییە. ئەمە گوناحی هەرە گەورەمە و گەورەترین بەڵگەشە بۆوەی نەخۆشییەکەی من، بەپۆزی و لە خۆبایی بوونم لێ ئاشکرا کات. هەر بۆیە تەنیا میرا سەنگەر و خۆشەویستیمە؛ هەر بۆیە من هی ئەوم و ئەو هی من. وەختێ زانی دەمەوێ بینووسم و بنووسم، ئەویش تێگەیی بۆ دەیەوێ من تەنیا هی ئەو بم و بەس. وەختێ زانیم ئەو لێی حاڵی بووە من کێ و چلۆنم، ئەمنیش زانیم بۆ ئەوم دەوێ. گەورەیی لەوە دایە بزانین هەر ئەوەین بۆ وا دەیکەین. ئەوەی ئێستا گوتم بێگومان گەورەترین هەڵەیەکە، تاکو ئێستا کردوومە. ئەرخەیانم بەو جۆرەی ئێستا خەریکم دەنووسم پەرە دەدەم بەنەخۆشییەکەم و هەر لە خۆمی گەورەتر دەکەمەوە باش ئاگاداری ئەوەم، بۆیە ناتوانێ ئازاری ببیتە هۆی ئازارم؛ وەک دەستی یەکێک کە بۆلام درێژ بێ –هەرچەند پێویستییەکی ئەوتۆی بەمن نەبێ– بەڵام من نەتوانم یاریدەی نەدەم و دەستی نەگرم.

دئیردر زگی پڕە. ئەمشەو بەنیگایەکی شاراوەوە پێی گوتین. هیچمان نەگوت و ڕودکیش وەک هەمیشەی هەر پێدەکەنێ.

لەسەر کەتەکەی من درێژ بووین. میرا چاوم لێ دەکا کە دەنووسم قەت



ئاوا لەبەر چاوم جوان نەبووە. بڕێک کز بووە، ڕوومەتی بەقووڵدا چووە و چاوی ڕەشتر دەنوێنێ. دەستی چەپمی گرتووە و بەنێو ڕانییەوە دەگوشێ.

لەدەشت جەماوەرێ لەو ڕاهاتووانە بەرەو ماڵەکانیان دەچنەوە. دەڵێی لەکاتی گەڕاندا ون بوون و ئێستاکەش لەشەو دەترسن. قۆڵ لە قۆڵی یەکتردا پاڵیان داوە بەیەکەوە و گۆرانی یەکگرتن دەچڕن. سەربازێک بەشوێنیانەوەیە.

نیگای میرا دایمە لەگەڵم و لەسەر سەرمە. ئەمشەو لە شەوانی پێشوو ناچێ؛ نازانم بۆ. ڕاهاتووەکان ڕۆیشتن و دەشتە سارێکی چۆڵ و هۆڵ لە پێش چاومە. با، تۆزێکی ڕەش وەحەوا دەخا و گێژە خولەی پێ دەکا. ئەو هەورە ڕەشانە وەکو تاپۆیەکن کە لە تاریکییەوە بخزێتە نێو ڕووناهییەوە. چرای ماڵی ڕاهاتووەکان شەوق دەخاتە نێو تاریک و ڕوونی دەشتەکەوە؛ چونکو لەشەو دەترسن و کەیفیان پێی نایە. شەوانە بەڕووناکی چرای ماڵییان، خۆ لە خەم دەڕەخسێن. نەدیتنیان لا ناخۆش نییە، بەڵکو نەبیندراویان لا جەزرەبەیە. جاری وایە لەسەرە شەوەوە تا کازێوەی بەیانی بەرامبەر بەیەک دادەنیشن و دڵخۆشی یەک دەدەنەوە.

هەست دەکەم میرا دەیەوێ قسەم لەگەڵ بکات؛ بەڵام بێ ئەوەی سەر وەرسووڕێنم هەر دەنووسم. دەستم دایە. نینۆخی تێهەڵدەچەقێنێ. گوێم لە دەنگێکە.

ڕودک وەژوور کەوت و لە نێوەڕاستی دیوەکە چەقی. ئەوە چاومان لێ دەکا؛ چاو لە نووسینم دەکا؛ بەزەردەخەنەیەکەوە کە سیلەی لێ گرتووم. لە بنەوە چاوم لێیەتی. میرا خۆی مات داوە؛ بەڵام ناجووڵێتەوە. سەری بردۆتە دواوە و لێوە ئاڵ و واڵەکانی داپچڕیوە و نیگاشی لە پێنووسەکەم بڕیوە. گۆپکی مەمکی ئەرخەوانییە و وەک برینێک کە بێتەوە سوێ، خڕ بۆتەوە سەر یەک،

کار تەواوە. دوایین وشەکانە کە دەینووسم و دەشزانم بێ کەڵکە. بۆ ڕودک دەنووسم؛ بۆ وەی پێی بڵێم خەتای نەبووە. خەریکی شتی قۆڕ نووسینم. یاو دایگرتووم و دەلەرزم. بێتوو سەیر نەبوایە دەمگوت لەرزی بەختەوەرییە. من دەنووسم و میرا چاوم لێ دەکات و چاوی دەدرەوشێتەوە. بێدەنگی هورووژمی هێناوە و تەنیا جیرەی پێنووسم دێ؛ جیرەو جووڵەیەکی نادیار، وەک ئەوەی سێبەری سێ دێو بکەوێتە سەر شان و پیلی مێشوولەیەکی ورد. ئەوەی بەمێشکمدا دێ، دەینووسم؛ گرنگ بڕیاری نووسینی بەردەوامە. پێم خۆشە بتوانم لەم سەرخۆشییە شێتانەیەمدا -کە ئەوپەڕی نەترسی و جیاوازیی تێدا ئاشکرایە- هەموو شتێ بەئاکام بگەیەنم.

ڕودک ڕۆییوە. میرا خۆی داوە بەسەرمدا. هەوا کپە. بایەکی گەرمی دێ. مژ و تۆزێکی ڕەش لە قیلەکان هەڵدەستێ. ئەوەش سەربازەکان، کراسە سپییەکانیان پەڵەیەکی سپییە لە تاریکیدا. ڕودک هاتۆتەوە. وەک جاری پێشوو هاتە سەر نووسراوەکانم و لێیان ورد بۆوە. میرا باسکی لەدەورم هاڵاندووەو بەحاڵ هەناسەی دێ. سەربازەکان دەوریان گرتووین. میرا دادەچڵەکێ. چاوی دەقوچێنێ و سەری دادەخات. تینی لەشی، لاقم دەسووتێنێ. سەربازەکان دێنە ژوورێ؛ بەڵام من هەر دەنووسم. بۆ چرکەیەک واق دەمێنن؛ پاشان قۆڵی میرا دەگرن و هەڵیدەستێنن. لە نێوانیاندا قیت ڕادەوەستێ، لێوی دەلەرزێ. سەربازێک دەستی لێ دەدا و ئەو تف دەکاتە نێو چاوانی. سەربازەکە هەنگاوێک بۆ دواوە دەچێ و بەپێلەقە دەکوتێتە نێو زگی. میرا دەنووشتێتەوە و دەخزێت و دەکەوێ. سەربازەکە یەکی دیکەی تێهەڵدەدا دەنگێک لە ناخی میراوە دەیکاتە هاوار و ئەو وێنەی کرمێک لە خۆی دەهاڵێ و بەسەر عەرزیدا دەڕشێتەوە. پاشان سەربازەکان.

## ۲

جاروبارێک که میرام ماچ دەکرد دەم و چاوی تێک دەنا، چاوی دادەخست و دەبووە داوەڵێک بەدەمامکی بەردەوە کە نەتدەزانی چی لە مێشکی دایەو بیر لە چی دەکاتەوە. پاشان چاوم تێ دەبڕی و مەحتەل دەمام ببێتەوە خۆی.

ئەوان کاغەزیان پێ دام. لەوە دەچوو هەر بەتەمابن من بنووسم؛ نازانم بۆ. گوتیان دەیانەوێ دۆسیەیەک ساز دەن. لەوە پێش نەمدەزانی چی بکەم. لەوە دەچوو لە پێشدا کاغەزەکان نووسرابێتن و پاشان نووسراوەکانیان پاک کردبێتەوە. قازانجی نووسینی من چ بوو، نازانم. ڕەنگە بیرەوەریی میرا یان تەما و خۆشی نووسین بووبێ کە هێنابێتمییەوە سەر نووسین.

لە ڕۆژ و شەو تێپەڕیوە و ڕەنگە چەند حەوتوو بێ من لەو دیوە سپی و بۆرەدا بم کە دایمە ڕووناکە و بەدیوارێکی شووشە، جیا بۆتەوە. کە تاوناتاوێک لەو بەرییەوە دوکتۆرەکان چاوم لێ دەکەن. کەت و کورسیلەیەکیان بۆ داناوم.



لە "یانەی ڕاهێنان"م. وادیارە نایانەوێ وا زوو برینگەریم لەسەر بکەن. تاکو ئێستا هەر لەگەڵ پەرستارێک قسەم کردووە کە نان و ئاوم بۆ دێنێ و لێی پرسیم پێنووس و کاغەزم دەوێ یان نا؟ من وەڵامم نەداوە. چەند خولێک نابێ بۆیان هێناوم.

بێگومان چاوەنوارن و بەتەمان شتێک بکەم؛ بەڵام چی؟ نازانم. مەحتەلن، ئەی بەڵکو..

دکتۆرێک خۆی ناوە بەشیشەکەوە و چاو لە نووسینم دەکات. دەم و چاو زەلامێکی نێو چاوان پان بەچاویلکەیەکی زەردەوە سیمایەکی سارد و مردووی هەیە. سەرم هەڵدێنم و ئەو بەرەوڕووم پێدەکەنێ. بێدەنگییەکی سڕ وڵاتی کپ کردووە. گوێم لە دەنگی هەناسە و تەپەی دڵمە. هەست ناکەم زۆرتر لەوە دیل بم وا لە دەشت بووم. لەلایەکیشەوە بەو دیوارە بۆرانەش کەیفسازم.

ماوەیەکە زۆر لە شت قوت دەبمەوە و هەر بۆیەش باشتر لەدەورووبەرم ورد دەبمەوە. ئیشتیام لێیە بەدەنگی بلیند قسە بکەم؛ بەڵام لە ترسی مایکەکان ناوێرم.

هیچم لەبەردا نییە؛ کەچی پێشم عەیب نییە، شەرمیش ناکەم، با بە ئیشتیا چاوم لێ بکەن.

ئەمڕۆ پەرستارەکە قسەی لەگەڵ کردم. پێی گوتم مانگێکە لەوێم. هیچم نەگوت. پێی وابوو پێم خۆشە بزانم چ ماوەیەکە لە نەخۆشخانەم پێم گوت بۆ من فەرقێکی نییە، هەر هیچ هیچی نەگوت.

قژکاڵێکی کورتەباڵایە، چاو ڕەش و لێو ئاڵ و کراسێکی سپی تەنگی لەبەردایە. کەشفی نان و چێشتەکەی هەر بەدەستەوەیە و ئێستا لێم وەرنەگرتووە. مەحتەڵە لە نووسین تەواو بم.

دانیشتە سەر عەرزی و چاوی بڕییە نان خواردنم. ئەوە دیسان خەریکم دەنووسم. هەستا سەر پێ و پێمواپە دەیەوێ بڕوا. نارِوا و لە قەراغ دەرگاکە سیلەم لێ دەگرێ. دەستێکی بەدەزگیرەی دەرگاکەوەیە و سەری برِێک بۆ لای من خوار کردۆتەوە. نازانم چی لێم دەوێ. لە پشت پەنجەرەکەوە دکتۆر بەچاویلکەی زەردییەوە. ئاگای لێمانە.

ڕۆیشت. دکتۆر هێشتا لە پشت پەنجەرەکەیە. دەبێ نەخۆشییەکەم شتێکی دەگمەن و سەیر و سەمەرە بێ، وا پێش برینگەری ئاوا چاوەدێرمن. دەرگا کراوە و دکتۆر هاتە ژووری.

پێنووسەکەم لابرد؛ بەڵام سەرم هەڵنەهێنا. دکتۆر لەسەر کەتەکەم دانیشت و بێدەنگ چاوی تێ بڕیم. مەحتەل بوو پێنووسەکەم هەڵگرم تا وەقسە بێ.

– پێتان خۆش نەبوو پەرستارەکەتان لەلا بێ؟

– نا.

– پێیان گوتووە ئەگەر ئێوە پێتان خۆش بێ لەلاتان بێ.

هیچم نەگوت. هەستا و چوو بەرەو دیوارەکە و هەروا کە بەری دەستی لێک دەخشاند گەڕاوە.

– کەم قسەن یان پێتان خۆش نییە قسە بکەن؟

– گرنگ ئەوەیە لەگەڵ کێ هاوقسە بێ.

وەڵامی نائاساییم تۆقاندی و سەری داخست.

وەختێ سەری هەڵێناوە، شێلگیرانەتر دوا.

– بێتوو باش حاڵی بووبێتم، قسە کاتێ بەکار دێ کە بزانی لەگەڵ کێ قسە دەکەی.

– ئەرێ.



چووە فکرەوە.

– پێتان خۆشە لەگەڵ میرا بدوێن؟

– بەڵێ.

– هێندەیان جیاوازی نییە، یەکیان قژی ڕەشە و یەکیان...

– جیاواز لەوانی دی.

دەستی برد بۆ لای دەمی و وەک ئەوەی گەستبێتی، مژی. بەویرِە ویرِەوە گوتی:

– خەریکین ئەو بابەتە لێک دەدەینەوە؛ باسەکەمان تایبەت بەرِەنگە.

بەنێو چاوانێکی تاڵ و سیمایەکی گرژەوە، دیسان چۆوە سەر کەتەکە و دانیشت.

– کاتێ دەبێ نەخۆشێکی جیاوازی وەک ئێوە دەرمان کەین پیاو ناتوانێ بێزاری خۆی دەرنەبرِێ.

بە مۆنییەوە چاوی تێ برِیم؛ چرکەیەک بێدەنگ بوو پاشان گوتی:

– قەتم نەخۆشی وەک ئێوە نەبووە. ئێوە نموونەیەکی تاک و تایبەتین. پێتان ناخۆش نییە؟

– نا.

دیسان قامکی مژی و دیتم لاکی لە قامکی داوە (لاکێکی زەرد)

– باوەڕم پێ ناکەن ڕەنگبێ؛ پێتان وابێ میراش وەکو ئێوەوایە؟

زەق چاوی لە چاوم برِی.

– میرا بەینێکی دیکە دەرمان دەکرێ و چاک دەبێتەوە.

دەبوو چاو ببرِمە چاوی و بێزاریمی تێبگەیەنم. تێگەیی و هەروا کە پشتاو پشت بەرەو دواوە دەکشاوە، کوت و پرِ نەرِاندی:

– تۆ ناتوانی

– چی ناتوانم؟

– ناتوانی، ناتوانی.

پشتی تێکردم و بۆ ماوەیەکی کەم لەبەر خۆیەوە ورتەی هات:

– من ئێوەم خۆش دەوێ؛ دەبێ ئێوەم خۆش بوێ؛ بۆیە خۆشم دەوێن. لەبەر ئەوەی ئینسانن خۆشم دەوێن. من هەموو مرۆیەکم خۆش دەوێ، جا هەرچۆنێکن کەیفی خۆیانە. قەتم نەویستووە هەڵبژێرم بزانم کێم خۆش دەوێ. کرێکار و زانا لای من یەکێکن. هەر دووکیان هەناسەیان دێ؛ کەوایە لێک دەچن و چونکو لێک دەچن خاوەن بایەخ و حورمەتن. بایەخی مرۆ بەئەوینیەوەیە. مرۆ خۆشەویستیی خەڵکی لەدڵدا نەبێ، بێ کەڵک و بێ قەدرە. من دەبێ یاریدەی ئێوە بدەم بۆیە یاریدەتان دەدەم. من لە ژنێکی پیر بووم، پاشەبەرەم ڕۆژێک ناعیلاج لەوە بووم هەڵبژێرم، یان ئەو پیرێژنەی دایکم بوو یان ئەو کابرای نەمدەناسی. بێ دڕدۆنگی یاریدەدانی کابرام هەڵبژارد؛ تەنیا لەبەر ئەوەی نەمدیبوو و نەمدەناسی. کە جەنابتان میراتان گوڵبژێر کرد، زوڵمێکی گەورەتان لە ژنەکانی دیکە کرد. سووکتان کردن و هەروەها بەدوور ڕاگری میراش لە پیاوەکانی دیکە زوڵمتان لە هاوتاکانتان کردووە؛ حاڵی هەن؟

– نا.

وەرسووڕا و چاوی بەهۆی شادیی نهێنی درەوشاوە.

– خەمتان نەبێ، دەرمانتان دەکەین و تەواو چاک دەبنەوە؛ بێ ئێش و خەم. دەبنە یەکێک وەک ئێمە تاکێک لەنێو هەزاران مرۆی وەک خۆی بەهێز و ئەوینی هەزارانەوە. ئێوەش دەبنە خاوەنی دەمامکی مرۆڤایەتی.

پێش ئەوەی بچێتە دەرێ بۆ ئاخر جار گەڕاوە و توند هەرتک پاژنەی پێی لێکدا و بەدەنگێکی خنکاو لە ناعیلاجیدا گوتی:

– خۆشم دەوێن.



دوێنێ شەو دەرمانی سرکەریان کردبووە شیومەوە. بەو هیوایەوە ڕاچەنیم کە وەتاغەکەم وەک جاران ڕووناک بێ؛ بەڵام چاو چاوی نەدەدی. ویستم هەستم، نەمتوانی. داهێزرابووم. لەشم هی خۆم نەبوو؛ پێڵووم قورس بوو. هەروا بووم کە فیکەیەکی نزم گوێ قوڵاغی کردم؛ دەتگوت لە ژێر کەتەکەم و لە ژێر عەرزەوە دێ.

لەسەر دیوارەکان –کە ئێستا مەیلەو سوورێکی ڕەش ببوون– سێبەر بەشوێن سێبەردا دەهات. هێواشێک و پاشان توند و تیژ، وەک ئەوەی لەنێوەڕاست گەردەلوولێکدا بم. شتێک وەک پەڵەیەکی زەرد بەبنمیچەوە تەقییەوە، پەڵەیەکی ئاوس دەزا و دەست و پێی لێ دەبۆوە و بەدەورمدا دەخولاوە. گوێم لە دەنگێک بوو، زرمەی پێی کابرایەک کە بەتاو بەرەو من دەهات و بەڵام قەت نەدەگەیشتە سەر سەرم. زرمە و قرچە لە پێچکەی کەتەکەوە دەهات کە بێگومان دەبێ بڵێنگۆیەکیان تێدا شاردبێتەوە.

وەختێ پەڵە زەردەکە هەموو دیوارەکانی داگرت، ژاکا و پەڵەیەکی سەوز هاتە جێی؛ کە پاش بەینێک ئەویش سیس بوو و ڕەنگێکی دیکە جێگای پڕ کردەوە. هەموو ڕەنگەکان سەر شێت و لاسار و بێ کەوشەن بەدەورمدا دەگەڕان. وردە وردە گوێم لە دەنگە دەنگێک بوو، ورتە ورتێک کە بەزمانێک قسەیان دەکرد کە من لێی حاڵی نەدەبووم. عەقڵێکی ساغ و وریاییەکی بێ غەش و فیزێکی بەهەوا لەڕاوێژەکاندا ئاشکرا بوو؛ بەڵام دەتگوت یەکێک نایەوێ من گوێم لەو دەنگانە بێ. دەستێک بە گوێمی گرت؛ دەستێکی تەڕ و گەرم. ویستم بەتوندی لایان بەم؛ بەڵام دەستم لە لەشی ژنێک گیرا کە خۆی بەمنەوە نووساندبوو. هەر لەو دەمەدا پەڵەیەکی سوور لەسەر دیوار ترەکی و هی کەش بەدوایدا. برینی میرا خووساندبوومی.

پاشان کوتوپڕ دیوارەکان بەچەشنێکی غەریب سپی هەڵگەڕان و دیتم ئەو

کچەی وا لە ئامێزی گرتبووم دەمامکی ڕاهاتوویەکی بەچاوەوە بوو.

ئەرخەیانم کە میرا نەبوو؛ خاترجەم. ئەمڕۆ هەر ئەم سەر ئەوسەری دیوەکە دەکەم و ئۆقرەی جارانم نییە. میرا نەبوو نا ناکرێ میرا بووبێ برینگەری درێژخایەن و دژوارە و ئەوان وا زوو ناتوانن تەواوی کەن.

ئیدی نابێ ئەو پرسیارە بکردرێ. بەم زووانە دەمامک لەچاو، لەگەڵ پۆل پۆلیان بەرێدا دەڕۆم. ڕوو دەکەمە ئاسمان، تا لە کەلێن و کولێنی سیمای نوێمەوە بڕێک تیشک بدزم.

جارێ لێم گەڕاون. پەرستارەکەم هەر نایەوێ لەگەڵم قسەش بکات. خواردنی بۆ هێنام و خێرا ڕۆیی. کەسیش لەو بەری دیوارەکە نییە. لێم گەڕاون بەتەنێ بم لەگەڵ بیرەوەریی دوێنێ شەوم و هزری دەستکردیان.

عومرم بەئەزموونی ئەوان بەفیڕۆ نادەم. بۆ بیرکردنەوە شتی دیکەشم هەیە، ئەو بیرەوەرییانەی وا لەکاتی نەخۆشیدا ڕەفیقی تەنگانەم بوون و ڕەنگبێ برینگەری دایانپۆشێ.

کاتی لاویم زۆر جار شەوگەڕێکی باشی نێو دەشت بووم. جەحێڵ بووم و نەمدەزانی هەڵات هەڵات، هێمای هەڵاتن و دەربازبوونە. ئەودەم بۆوەی بە شتێک بگەم هەڵدەهاتم. دڵنیا بووم ئەو هەڵاتنە دەمگەیەنێتە جێگایەک. بێ خەبەر بووم لە نەخۆشیم و پێمـوابوو بەدەماخم. پێمـوابوو لە نێوان لێکنەچوو و نائاساییدا جیاوازی هەیە.

زۆر جار پێش هاتووە بەشوێن جێگایەکی خەڵوەتدابم و لەوێ وەک دارێک ڕەق و وشک، وێنەی چرا بەرقێک، کڕ و کپ بچەقم. خەڵکم لەدەور کۆببنەوە و چاوم لێ بکەن و خۆ لەیەک هەڵسوون تا بەهەست بەلەشی یەکتر دڵگەرم بن .

جار جارەش دەست لەکەمەر یان قۆڵ لە قۆڵی تووپادا بێ هۆ دەمانکوتا



تا نادیاری دەشت، تا دوور. ئەو پێی دەگوتم:

– هەر لەگەڵ من هاتوویە دەشت و بەس؟

منیش دەمگوت:

هەر تۆ و نەک کەسی دیکە.

سینگمان دەبووە مجری کفر و زارمان دەبووە مەیکەدەی بەختەوەری و هەڵبژاردنمان.

هەتا لە بیرم دێ نەخۆش بووم؛ ڕەنگبێ هەر لە ئەزەلەوە. قەت لە خەڵک حاڵی نەبووم و پێشموانییە قەتم ناخۆش ویستبێتن، بەڵام ئەوان لە من بێزارن وەک ئەوەی بیانترسێنم یان هەڕەشەیەک بم لەسەریان.

لە بیرمە تا نەدەبووە تاریکان نەدەگەڕامەوە بەرەو ماڵێ و دایمە بەجێییەکدا دەڕۆیشتمەوە کە ڕووناکی کەمتر بێ. ئاشقی کۆڵانی تەنگ و تاریک و شاری دەمە و ئێواران و ڕێگا و شوێنە تاریکەسەلاتەکان بووم؛ تاکو هەست بەهیچ سێبەرێک نەکەم بەدوامەوە.

پەرستارەکە لە بەیانییەوە تا ئێوارێ درەنگ وەخت، هەر لەوێ بوو. بەخەبەر هاتم؛ بەرامبەرم لەسەر سەندەڵییەکە دانیشتبوو و بێدەنگ لێی دەڕوانیم. کە دیتی وشیارم، پێکەنی. وەرسووڕام و ویستم بخەومەوە؛ بەڵام، نەدەبوو. ڕاکشامە سەر پشت و چاوم بڕییە میچەکە؛ ئەو شوێنەی دوێنێ شەو برینی میرای لێ دەتکا.

ژنە ڕاهاتووەکە دیار نییە. بەتەنێم لەگەڵ ئەو پەڵە ڕەش و سوورانەی تاوتاو لەسەر سەرم دیار و نادیار دەبن؛ پەڵەی وەک دڵۆپی خوێن لەسەر قیل. میرایان هێشتا بۆ چاک نەبۆتەوە، ئەرخەیانم.

دوێنێ دوکتۆرێکی دیکە هات بمبینێ. درێژێکی مل باریک بەچاوێکی بێ هەست و سیمایەکی کلۆڵ کە ڕەنگبێ قەت پێنەکەنیبێ.

پەرستار وەک مردوو هەر چاوی لە نووسینمە. قەت چاویم لێ هەڵناگرێ؛ دەبێ تاقەتێکی سەیری هەبێ. کە جاروبار تێدەفکرێم و واق دەمێنم، وەک ئەوەی بەهیوای شتێک بێ خۆیم بۆ خوار دەکاتەوە. لیباسە سپییەکەی لەسەر ڕانە هەڵبزرکاوەکانی لادەچێ. هەر سەرم هەڵدێنم هێواشێک لینگیم بۆ دەکاتەوە. کات تێناپەڕێ و زەمان دەڕووخێ بەسەرمدا لەبەر ئەوەی ئەو مەحتەلە و من هەست بە وجوودی ناکەم. تەواو قەڵەشتی داوە بەکراسەکەی. تووکەبەری هێندەکاڵە من لێو و قەڵەشتی شەرمیم لێ دیارە. هەڵدەستێتە پێ و دێ بۆ لام.

دوگمەکانی کراسەکەی داخستەوە و ئەوە دەڕوا؛ بێ وتنی تەنیا وشەیەک. تەنیاترم لەهەموو وەختی خودا. قەتم هیچ ژنێک نەدیبوو تا ئەو ڕادەیە خۆیم لەبەر چاو سووک کات.

لیباسەکەی داکەند و هەروا کە چاوی تێ بڕیبووم ماوەیەکی زۆر دەستی لە گیانی وەردا و خۆی ڕامووسی و هەڵگلۆفی؛ پاشان بەدەستی گیانی کردەوەو هەروا کە قوونی تێ دەکردم، بۆوەی خۆی باشتر نیشاندات، چۆکی دادا. هەمیسان وەرسووڕا و لەپێشەوە خۆی کردەوە و سارد و هێدی بەدەست و قامک ئەو چێژەی بەلەشی خۆی گەیاند کەدەبوو من پێی بدەم. بێ ئەوەی بناڵێنێ لێوی لێک دەدا، دەیکردەوە و دەیقووچاند. لەحەپەیی و بێ خەیاڵی من واق مابوو. پێی وابوو ئەگەر لەبەر چاوی من خۆی ڕاحەت کا، من پیاوەتیم دەبزوێ!

نیشانەیەکی دیکەی نەخۆشییەکەشمم ناسیوە؛ کابرای ساغ شتی سووک و هیچەکە و پووچەکەی لا خۆشەویستە. بەڵام من ئەو شتەم خۆش دەوێ وا تاریف هەڵگرێ. باشترە بڵێم: کابرای ساغ هیچی لا سووک نییە و کە عەیبێ لە یەکێکدا ببینێ، هەر ئەو عەیبە دەبێتە هۆی خۆشەویستیی ئەو کەسە. بۆ بەشەرێکی ساغ و سەلیم چاکەکانی یەکێ نابێتە هۆی



خۆشەویستیی ئەوە؛ بەڵکو گەورەترین هۆی ئەوین و خۆشەویستی دیتران عەیب و نوقسانییانە.

هاتۆتەوە و کراسێکی سپی لە بەردایە کە بەسەر سپیایی پێستەکەیەوە زەق دەنوێنێ. بەپێکەنینەوە چاوم لێ دەکا؛ بەڵام هێشتا بەگومانە. دەنووسم و چاوەڕێم. سێ دوکتۆر لە پشت دیوارەکانەوە چاوم لێ دەکەن. کچێکی دیکەم لێ وەژوور دەکەوێ؛ قژ ڕەش و کزێکی کەڵەگەت. مەمکی چرچ و چکۆلەی لەبن کراسە ناسکەکەیەوە قوتە قوتیەتی. دەچێتە سووچی دیوەکە و چاوم لێ هەڵناگرێ. دوکتۆرەکان بێ ئەوەی چاوم لێ هەڵگرن هەر ورتەورتیانە. لەپڕدا ژنێکی ڕاهاتووم لێ وەدەردەکەوێ، ڕووت و دەستی ناوەتە سەر سمتی. بزەی دەکەوێتە سەر شۆقی ڕووناکی وەتاغەکە و بەسەر دەمامکی نوێیەوە دیارە. نابێ میرا بێ، میرا نییە دەزانم. سینگی دەڵێی دامرکاوە و زگی بەقووڵدا چووە، وەک ئەشکەوتێک. دادەنیشێ و چاوم لێ ناترووکێنێ.

دەزانم ئەو ژنانە چییان لێم دەوێ؛ بەڵام من بەتایبەتی هەر ئاگام لەو دوکتۆرانەیە وا دەڵێی عەجایب تێفکریون. هەر دەنووسم لەسەر ئەو کاغەزانەی وا پێیان داوم و هەموو شەوێ لێم دەستێننەوە.

دوو پیرێژن وەژوور دەکەون. قژە سپییەکەیانیان هۆنیوەتەوە و پێستیان چرچ و لۆچە. دەبێ لە مێژبێ ڕاهێنرابێتن، وەک ئەوەوان دەمامکیان بەدەم و چاوەوە نەمابێ. تەنیا بزەیان ماوە کە لەمنیان گرتووە و وەک ئەوانی دی هاتوونەتە سەر چۆک ئێستایە کە ئاسکێکی زۆر جوان دێتە ژوورێ. پێناکەنێ و بگرە بڕێکیش ماتە. چاوم هەر لێ ناکات. هەر ئەوە کە چاوم لێ ناکات. ناچێتە لای ئەوانی دیکە، حەولیەتی لەشی ڕووتی بەدەستی داپۆشێ. سەوزەیەکی چاو سەوزی پرچ ڕەشە. چاوم هەر لێ ناکات

خەلاس؛ دەتوانم ئیدی بیگێڕمەوە. پۆلێکی کە ژن وەژوور کەوتن. لەهەزار ڕەنگ کە یەکیان دەششەلێ و هەموویان -جگە لەوەی باسم کرد-

چاویان لێ هەڵنەدەگرتم. لەوە دەچوو بیەوێ شتێکم پێ بڵێ؛ بەڵام نازانم چی. لەپشت دیوارەکان دوکتۆرەکان هەر خەریکی نووسین بوون.

زۆر زوو لە دیوەکەم ژنان دەوریان دام و من وەک منداڵێک هەر لە جێدا بووم. کچێک دەستمی گرت بەڵام من پاڵم پێوەنا و دوورم خستەوە. لە پشتەوە توند گرتیانم. دووژن باسکیان گرتم و ئەوانی دیش لەوان خراپتر رایانگرتم تاکو پیرێژنێکیان بتوانێ خۆیم بدا بەسەردا. لەسەر ئەو هەموو جەماوەرە و هەڵم و تینی قورسی لەشیانەوە، هێشتا دەمتوانی ئەو ژنە ببینم کە لە سووچێکی دیوەکە هەر وەک هەوەڵ، ناقایل، ڕاوەستابوو و ئێستاکە چاوی لە من دەکرد.

لەپڕدا هەستم کرد ئاوێکی گەرم ڕژا بەسەر زگ و باسک و لاقمدا. ڕووناکی کەم بۆوە لێوێکی سارد بەلێومەوە نووسا. زمانێک خزا نێو دەمم و ددانمی کردەوە. خەریک بوو بخنکێم و بتەقێم لەنێو ئەو هەموو لێوە تەڕو گۆشتن و تاڵ و کاڵەدا کە مەحتەلی لێستنەوەم بوون.

ئاخری زمانەکەم بەددانم گرت و یەک بەخۆم گەستم و هەموو خوێنەکەیم هەڵقوڕاند. زیقەیەکی بەرز هەستاو دیوەکەی پڕ کرد و گەرماییەکی خۆش لە لەشم گەڕا.

بەخەبەر هاتم بەلەشێکی پڕ لە برینی وردەوە کە لەگەڵ هەر ترپەیەکی دڵم خوێنیان دەدەڵاند. لە تاریک و ڕوونی دیوەکەمدا سێبەرێکم دی کە لەسووچێک دانیشتووە. تاپۆیەک کە لەوە دەچوو چاوم لێ بکات. هەستام هەر ئەو چاوسەوزە بوو کە دایمە دوورەپەرێزی دەکرد. هێواشێک دەمی بۆ هێنام. سەریم گرتە بەینی هەرتک دەستم و ماچم کرد؛ گەستم. نرکاندی. دەمەویست قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام دیتم تەواوە و ئیدی هەناسەی نایەت.

ئێستا دوکتۆرێکی لاو لە دیوەکەم چووە دەرێ. دەستی درێژ و ناسک



بوون. زۆرمان قسە کرد. لاقی خستبووە سەر لاقی و زۆری پرسیار لێ کردم.

– دەزانن بۆ لێرەن؟

– چونکو نەخۆشم.

– دەزانن خەتای میرایە.

– نا.

– دەزانن نەخۆشییەکەتان لە هی خەڵکی ناچێ؟

– نا.

– دەتوانن ئەوەی گوتم قەبووڵ کەن؟

– بەڵێ.

– پێتان ناخۆش نییە؟

– نا.

– پێتان وایە لەوانی دیکە ماقووڵترن؟

– بەڵێ لە زۆر کەسیان.

– وەکو کێ؟

– نازانم.

هەستا پێ. دوو سێ هەنگاو ڕۆیی؛ دەستی لە گیرفانی ڕووپووشەکەی نابوو.

– دەزانن بۆ هێشتا چاک نەبوونەتەوە؟

– نا.

– لەبەر میرا. دەبێ پێش هەموو کەس ئەو لە مێشکتان دەرهاوێن. میرا ناڵێم بەڵکو ئەرزشت و بایەخێ دەڵێم کە میرا لە مێشکتاندا هەیەتی. سەرچاوەی نەخۆشیتان هەر ئەوەیە، ئێوە پێتان خۆشە تاریف بکەن و

ئەوەیە هۆی سەرەکی ئاڵۆزی بیر و هۆشتانە. لەوەبەدوا نابێ تاریفی کەس بکەن. کابرای ساغ قەت تاریفی هیچ ناکات بەڵکو پێدەکەنێ. هزری پڕ لە تەنزە. ئەو، هەموو شتێ هۆی پێکەنینە بۆی. بەینێکی دی پێکەنینتان بەمیرا دێ.

بەرەو دەرگا چوو بەڵام گەڕاوە.

– ئەو خەبەرەشتان پێ خراپ نییە، میرا زگی پڕە.

ئەو دوکتۆرەیان زۆر عاقڵە. چاک لە نەخۆشییەکەم گەییوە. ئەوێک کە نەدەتوانێ خەیاڵم بێنێتە مێشکی و هەستم بەرامبەر بەمیرا بناسێ، ئەوێک کە جگە لە ئەوینی گشتی و زۆرەکی هیچ ناناسێ، تێگەییوە کە من تەنیا عاشقی یەکێکم. دەبێ چۆن تێگەییبێ؟ ئەو کە هیچ هەستێکی بەرامبەر بەئەوینی وا نییە چۆن لەوە گەییوە؟

پێم وایە ئەم پرسیارە زۆر گرنگە؛ بەڵام ناشزانم بۆ. بۆ ناسینی من ئیدی دەبێ دژوارییان کەمتر بێ، بەتایبەت کەمتر لە دژواری من بۆ ناسینی ئەوان. نابێ ئەوە لەبەر چاو نەگرین و لەبیر بکرێ.

هیچ لە مەبەستیان ناگەم. گوناحەکانم ئاشکران و ئیدی حەولی ئەوەم نییە بیان شارمەوە. ڕەنگبێ هێشتا پێیان وابێ تەواوی خەتا و گوناحمیان نەناسیوە. هەر چەند هەڵە و گوناحم هێندەش زۆر نییە.

لەبەر چاویان ڕووت و قووتم. ئەوسەر بۆ ئەمسەری دیوەکەم دەکەم، دەخۆم، دەخەوم و هەموو شەوێ چاو دەبڕمە میچەکەی سەر سەرم و مەحتەلم خوێنی ئەوانەی وا هەڵمبژاردوون پێمدا بتکێ. چییان کەمە؟ دایمە لە خۆمم پرسیوە؛ ئەوەش بەشێکە لە نەخۆشییەکەم. کابرای ساغ قەتی هیچ ناوێ؛ قەت لە خۆی ناپرسێ.

پێکەوە لەدەشت پیاسە دەکەن و دەیکەنە گاڵتە و فشە و جۆک گێڕانەوە.



چەند ڕۆژێکە هیچم نەنووسیوە. بەنیگەرانییەوە سەریان دام. دوکتورێک هات و تەپەی دڵ، پلەی خوێن و دەرەجەی گەرمای لەشمی گرت و بێ ئەوەی هیچ بڵێ ڕۆیی.

پەرستارەکە لەبەر چاوم ڕووت بۆوە و دەستمی کێشا سەر لەشی ڕووتی، لەکاتێکدا چاوی ڕێژنەی فرمێسک بوو بێ وچان.

وام لێ هاتووە شەوانە ناخەوم؛ هەر بەرێدا دەڕۆم. بەشەو دەنووسم، لەژێر ئەو تیشکە سپییەی وا قەت کەم نابێتەوە. دوکتۆرەکان لێرەن. پەرستار ناعیلاج بوو بانگیان کات، دەبینن کە دیسان خەریکم دەنووسم و هەر ئەوە بۆتە هۆی نیگەرانییان. کە چاوم دەکەوێتە چاویان ئیدی پێناکەنن. بەشوێن شتێکەوەن لەمندا، لە سۆمای چاومدا: بەڵام لە خۆوە! دەنووسم و لەگەڵ خۆم قسە دەکەم و تا ئەو کاتەی نەیەن و مێشکم نەکەنەوە بۆ ئەوەی خراپەی لێ دەرخەن، پێم وانییە عیلاجم بێ. درەنگ وەختە. دوکتۆرێک دێت. دەرگا دەکاتەوە و ئەمر دەکا هەستم. دێت بەرەو ڕووم. پێش ئەوەی هاتوومەتەوە. نازانم چەندە لەو دیوە دوور بووم. دیوەکە هەر وەک خۆی وایە، هەر بەو جۆرەیە وا بەجێم هێشتبوو.

دوکتۆر لەسەر کاغەزەکە دەستمی ڕاگرت و هەڵیستاندم. چووینە ڕێڕەوێ کە پڕ بوو لە دوکتۆر و پەرستار. هێندێکیان بۆوەی دەستم لێدەن لێم نزیک بوونەوە. ماوەیەکی زۆری خایاند تا دیوارە شووشەکانمان تێپەڕاند. هێشتا قەڵەمەکەمم پێبوو.

لەقەراغ دەرگایەک ڕایگرتم و من چوومە نێو دیوێکی سوور و تاریکەوە کە تێیدا قەڵافەت و بیچمی خەڵکم دەهاتە بەر چاو و کابرایەکم بینی لە نێو تەشتێکی چینکۆی قووڵی وەکو مەنجەڵدا؛ چاوەڕوانم بوو. بەدەمارەکانییەوە لوولەی زەرد هەڵواسرابوو کە سەرێکیان بەو شیشانەوە بوو وا کانگای خۆراکی بوون. ئەو شووشانە بەپەتی نادیار بەمیچەوەی

هەڵواسرابوون. دەم و چاوی کابرا پڕ بوو لە چرچ و پێستەکەی بەهەزاران، دەماری وردی پێوە بوو، دەمیشی بەو لێوە پانانەیەوە داپچڕابوو. چاویشی لە قووڵایی دەم و چاوی قوپاویدا ڕۆچووبوو.

ئەو بڵێنگۆیانەش وا لە هۆڵەکە بوون، تەپەتەپی قورس و نارێکی دڵیان تێکەڵ هەناسەی پڕ لە قرخە و کۆخەی بڵاو دەکردەوە. هەر من لێی نزیک بوومەوە چاوی کردەوە؛ ئەو چاوە سپییانەی وا لێڵیی داپۆشیبوو. لە دەنگە گڕ و بۆڕەکەی حاڵی نەدەبووی.

– بۆ لەبراکانتان بێزارن؟

– بێزار نیم؛ کەیفی خۆیانە. کارم پێیان نییە جگە لە دووسێیەکیان.

– ئێوە لێیان بێزارن لەبەر ئەوەی...

– لەقسەکردن کەوت، لەبەر ئەوەی گوێ بداتە ترپەی دڵی. چونکو هەناسەکە هەناسکی بوو.

– ..... دەتانەوێ چۆنیان بکوژن؟

– وانییە، من نامەوێ.....

– بێدەنگ بن باشترە. ئەوانەی نەیانەوێ یاریدەی براکانیان بدەن وەک ئەوەیە بیانەوێ بیانکوژن. ئاشکرایە، ها ؟

– بەبڵمەبڵم و قرخە قرخەوە هەناسەی هەڵکێشا.

– ئەوان ئێوەیان خۆش دەوێ؛ بۆ هۆگری خۆشەویستییان نین؟

– نایانناسم؛ چۆن یەکێکم خۆش بوێ کە نایناسم؟

– ئەوەی خۆشەویستی ڕاستەقینەی هەبێ، بێ هیچ هۆیەک هۆگرە. خۆشەویستیی ئەوانەی وا دەیانناسین بەکاری چی دێ؟ هیچ. بۆ یەکێکتان خۆش دەوێ؟

– چونکو خۆشیم لێ دێ.



– شەیداتان دەکا ؟

– نا ، هەر ئەو جۆرەی دەبێ ببێ، خۆشم دەوێ.

– [چاوی قووچاند] حاڵی نیم.

– ئەو کارێک دەکا کە من پێم باشە؛ ئەو کارەم لا خۆشەویست و بەبایەخە.

دڵی وەها لێی دەدا کە خەریک بوو سینگی کون کات و کەوتە قرخە قرخ. پاشان تەپەتەپی دڵی ڕاوەستا. فیکەیەکی دوور و درێژ هات و دڵی بەرێکوپێکی کەوتەوە لێدان. بۆ کاتێکی هەرچەند بچووک، چاوی کابرا درەوشاوە و زووش لاچوو.

– ئێوە خەریکن خراپترین و پیسترین کفری عالەم دەکەن. گوتتان دەبێ شیاوی ئەوییەنی ئێوە بن.

لیکێک بەلێویدا هاتە خوارێ. ئاماژەی کرد بچمە دەرێ. لەو دەرگایەوە وا گوتبووی چوومە دەرێ؛ ڕێڕەوێکی دوور و درێژم پێوا تاکو چوومە دیوێکی درێژی ڕوون و بەرینەوە.

لەو خولەکە بەولاوە ڕووداوەکانم لێ تێکەڵ و پێکەڵ بووە و شتێکی وام لەبیر نەماوە. دەتگوت دیوەکە تەقییەوە و دووکەڵێکی بۆری ڕەش لە عەرزییەوە هەستا. مۆسیقایەکی بۆڕ و ناخۆش خەریک بوو کەڕم کات و ئاوێکی لێڵی بۆگەن عەرزی دەشوتەوە و تا سەر چۆکم دەهات. لەو تاریکییە ئەنگوستە چاوەدا دەستم کردە گۆچان و توانیم یەک دوو هەنگاو بچمە پێشێ. ئاو هەر دەهات و زۆر دەبوو و هەڵدەستا و وای لێ هات من سەرم نابوو بەمیچەکەوەو لەبەر ئەوەی نەخنکێم دەستم لێ دەدا. بۆوەی بتوانم هەناسە بکێشم لووتم نابوو بەبن میچەکەوە؛ چونکو یەک دوو سانتی بمێنێ بۆ بن میچەکە ئاو ڕاوەستابوو. ئاخری دەربیجەیەک کراوە و من توانیم ئەو دەستە بگرم وا لێوەی هاتبووە خوارەوە. لەسەر عەرزی

سمیتی دیوێکی چکۆلانە بووم؛ بەتەنیا. دوکتۆرێک هاتە ژووری دەرزییەکی لێ دام و هەروەها خاولیەکیشی پێ دام بۆوەی خۆمی پێ وشک کەمەوە.

لەسەر کەتێک بەخەبەر هاتم کە پیرێژنێک سەرمی نابووە سەر سینگی ڕەق و تەقی. هێواشێک دەیلاواندمەوە. وەڵامم داوە؛ بەڵام نازانم چیم گوت. تەنیا دوو سێ قسەمم لە بیرماوە: "بێزارم لە... هەموو، کوشتن بۆ یارمەتیدان، خۆشەویستی بۆ کوشتن... ڕزگاری.. ناکرێ بێ ئەوەی بکوژی خۆشت بوێ..." و هتد.

زۆریان دەرزی لێ دام و منیش زۆرم قسە کرد. هەر جارێ لە باوەشی ژن یان پیاوێکدا بەخەبەر دەهاتم و بێ وچان قسەم بۆیان دەکرد.

نازانم چییان پێ دەگوتم. لە بیرم نەماوە؛ تەنیا ئەوە دەزانم فرمێسک و بەزەیی ئەوانە خەریک بوو بمخنکێنێ وا نەمدەویست خۆشم بوێن. ئەوە تەنیا شتێک بوو کە پێیان دەگوتم.

لە ئاسۆوە کابرایەک بەرەو ڕووم دەهات و هەرتک دەستی بۆ کردبوومەوە. تلاوتل دەهات. لەوە دەچوو ئیدی نەتوانێ خۆڕاگرێ؛ بەڵام تا دەهات و نزیکتر دەبۆوە و من دەکشامەوە و چەقۆیەکیشم لە مستدا بوو. کابرا دەستی نا سەرشانم و جۆکێکی بۆ گێڕامەوە. چەقۆکەم کرد بەزگیدا.

لەو ڕێڕەوانەدا هەڵدەهاتم کە سەرما تێکەڵ بایەکی سەر شێت دەیزریکاند. لەپشت دیوارە زووقماوییەکانەوە دوکتۆرەکان چاویان لێ دەکردم. لە ڕیزێکی دوورودرێژ وەک پەیکەرێکی سەهۆڵ حەولم دا؛ کەوتم ددانم نا سەر یەک و لە لووتەوە هەناسەم کێشا تاکو سەرما کەمتر بچێتە لووت و ناخمەوە. لەپڕدا ڕاوەستام. دەورێکی نیوە چڵم لێ دا و چوومە قەراغ تەرمەکە. چەقۆکەم بەرامبەر بەسینگم ڕاگرت؛ بەڵام زوو دەستم بەرداوە. لەپشت شووشەکانەوە شل بوون و داماویی دوکتۆرەکانم بینی.



هەڵتووتامە پەنا تەرمەکە و دەستم کرد بەجۆک گێڕانەوە.

ئەوانەی وا گوتم هەموو ئەو شتانەیە وا لەو سەفەرەیدا و لە دیوەکەم دوور بووم، دیتمن. ڕەنگبێ سەرەتای ڕاهاتن بووبن. ئەوەندەی نەماوە.

چەند ڕۆژ دەبێ کەسم نەدیوە و ناشنووسم؛ چاوەڕێم. پێمـوابێ ماندوو بووم. زۆر کەمم شت بۆ ماوەتەوە و پێشم خۆش نییە لە کیسیان بدەم. باش دەزانم دیسان بۆنی ئاوابوون و کازیوە هەڵدەمژمەوە؛ هەر چەند لە بیرم نەماون. لەوە پیرترم بمەوێ دیسان لە دایک ببمەوە.

ڕەنگبێ چەند مانگ گوزەرابێ. ئەوەندە ناخایەنێ دوکتۆرەکان بۆ ڕاهێنان دێنە جەستەم. چاوەڕوانی گەییوەتە کۆتایی و منیش تەیاری تەیارم.

دوو ڕۆژ لەمەو پێش پەرستارێ بردمییە دیوێکی پڕ لە نووری نئۆنی بنەوشەوە و بۆ ماوەیەک بەتەنێی هێشتم. ماندوو بووم و بێ هەستی تۆژینەوە، دووراودوور ژنێکم دی کە منداڵێکی بەباوەشەوە بوو. لەپێشدا تەنیا لەپشت شووشەکانەوە سێبەریم دی. کە هاتە پێشێ من قژی ڕەش و پێستی سپی و سۆڵیم ناسییەوە. میرا بەڕیگاڕۆیشتنەوە منداڵێکی ماچ دەکرد و بەخۆشەویستییەوە لە باوەشی گرتبوو هێشتا وەک قەدیم جوان بوو.

چرکەیەک چاومان بڕییە یەک و من بەرەو پیری چووم؛ منیش ڕووت و سپی بووم. لەو دەمەوە وا هاتوومە ئێرە هەوەڵجار بوو کە دەترسام.

هەروا کە چاوی لە کۆرپەکە هەڵنەدەگرت، هات بۆلام پاشان سەری هەڵێنا و چاوی بەچاوم کەوت. بێ هەست ڕاوەستاین. لەوە دەچوو مەحتەلی دەستوور و فەرمانێک بین. ئاخری کۆرپەی باوەشی هەڵێنا و دای بەعەرزیدا؛ مێشکی منداڵەکە پڕژا. هەڵاتین بەرەو باوەشی یەکتر.

دەلەرزم و بەزەحمەت دەتوانم بنووسم. ئەوەی نەدەبوو قەتی بزانم ئێستا دەیزانم: میرا بەرەو ڕاهاتن دەچێ. منیش ڕادێم. هەموو شتێ دەزانم و مەحتەلم دوکتۆر بێت و قسەی بۆ بکەم. دەرزی بەدەست هات. من مەحتەلم و دەشنووسم. بێدەنگی هەرەس دێنێ؛ من حازرم بێدەنگی بشکێنم. باسکمی بۆ دەگرم. دەرزییەکە دێنێتە پێشێ. دەست دەکەم بەقسە:

– من نەخۆش نیم.

دەکشێتەوە بچێتە دەرێ. هەروا کە چاوی لێ هەڵناگرم دەشنووسم. لەپڕدا پەژیوان دەبێتەوە و دەرزییەکە لەباسکم دەدا. ڕۆیشت هێشتا هیچ نەبووە گیانم داگیراوە و چاوم لێ قورس بووە. وەکو منداڵم لێ هاتووە؛ خەریکم دەگریم. من نەخۆش نیم.

## ٣

لەچوار گۆشەی **٣٢,٥٥٥,٦٩٢** ی باکووردا دەژیم. نازانم بۆچی ئەوە دەنووسم؛ بەڵام ڕەنگبێ لەبەر ئەوە بێ بتوانم خزمەتێک بەدۆستەکانم بکەم کە بەقازانجیان بێ. لەو تاریکەسەلاتەدا بەدزییەوە خەریکی نووسینم، چونکو پێمەوایە بەگێڕانەوەی بیر و ڕاکان و ئەو چەند جۆکەی وا لەبەرم کردوون دەتوانم مێشکێکی بێ غەرەز و کۆمەڵ دۆست -کە قازانجی گشت و کۆمەڵی تێدا ئاشکرایە- نیشان دەم و هەروەها نێوێکی باشیش دەرکەم.

من ڕاهاتوویەکم و "پێکەنینی گشتیم" بەو پەڕی دڵپاکییەوە دەنوێنم. پێش ئەوە ڕەگەزی نەخۆشییەکی پیسم لەگەڵ بوو؛ چەشنە گەوجی و شێتییەکی تایبەت. "حکومەت" یش -کە باوکانە نایەوێ هیچ کام لە ئێمە بێ کەس و پەنا بین- بەوپەڕی پیاوەتی و گەورەیی خۆی بیری پڕ لە نەخۆشیی سڕییەوە و هاوکات لەگەڵی مێشک و سیماشمی گۆڕی؛ بۆ ئەوەی من بتوانم بێ گێرە و کێشە بەشداری ژیانی کۆمەڵایەتیم بم. ئەمەگناسی من سەبارەت بەم بابەتە گەلێک زۆرە؛ بەڵام ئەو هەموو هەست بەئەمەگناسییەی من لەچاو پیاوەتی بێ وچانی دەوڵەت، یەک لەهەزارە. بۆیە دەمەوێ بەنووسینی ئەم گوزارشتە قەرەبووی قەت پێ نەکراوەی



پیاوەتییان بدەمەوە و بەوانەی وا ڕزگاریان کردووم بسەلمێنم کە پیاوەتییان بەفیڕۆ نەچووە.

لەم ماڵەدا چوار کەسین؛ هەموو ڕاهاتووین . "نورس"[١] و "میدل"[٢]مان لەگەڵە کە ڕوو لە مەرگن، پیر و پەککەوتەن و ئیدی کاریان پێیان نییە. کەیفسازی ئەوەن کە بەرەو کۆتایین؛ چونکو پێیان وایە توانیویانە بگەنە ئاکام و هەر بۆیەش ئەرخەیان ڕوو لە مەرگن. ژنێکی کەشمان لەگەڵە کە پێشکەشی حکومەتە بۆ من: نێوی "گلیز"[٣]ە و تا بڵێی باشە؛ چونکو قەت لە بیری خۆیدا نییە و هەموو حەول و تەقەلای بۆ خەڵکییە. هەر بۆیە ڕۆژێ کە لە خۆوە لێم پرسی پێش من چەند کەس دەستیان لێداوە و گوشیویانە، چوو کابرایەکی لەگەڵ خۆی هێناو لەبەر چاوی من چووە پاڵی بۆوەی پێم بسەلمێنێ فەرق و جیاوازی لە نێوان من و ئەوانی کەدا نییە و لە خۆوە فکری قۆڕ نەکەمەوە.

ئای جۆک دەزانێ و هەمیشەش دووپاتیان دەکاتەوە. هێندە چاکە کە قەت قسەمان لێ نابڕێ و ماڵی کانگای شادی و پێکەنینە.

لەبەر ئەوە شەوانە بەدزییەوە دەنووسم کە بتوانم پاشان کەیفسازی کەم. هیچ ڕازێکمان لەبەیندا نییە. ئەوە لە پاڵمدایە و چراکە تیشکی شین دەخاتە سەر بزەی هەتاهەتایی.

ماوەیەک لەوە پێش هاتە پاڵم و لەبەر ئەوەی هیچ شتێ نەتوانێ لە شادی گشتیمان بکا و لەشمان لە تەزووی لەزەت بخا، خێرا دەستی کرد بەجۆک گێڕانەوە.

من لە وەزارەتی پەروەردە کار دەکەم؛ لە بەشی کتێبی وانەیی. کارێکی

(1) Norse

(2) Midelle

(3) Glaise

خۆشەو بریتییە لە چاوەدێری هەر کتێبێ پێش بڵاوکردنەوەی. ئەم کارە ئەو هەلەم بۆ دەڕەخسێنێ لاپەڕەی کتێبەکان هەڵبدەمەوە. ڕاست دەکەن دەڵێن دایە شتێک هەیە کە بتەوێ فێری بی و دەبینی زۆر جار ئەو شتانەی وا پێمان وایە بەتەواوەتی فێریان بووین و لە بیرمان دەمێنێ، لەبیر دەبەینەوە. ڕۆژێ ڕستەیەکم نووسییەوە کە جوان دەیگەیێنێ حکومەت تا چ ڕادەیەک پێی خۆشە چوار چێوەی سیاسیی خۆی ڕوون کاتەوە:

لەهەر ئان و ساتێکدا بۆ جەماوەر دەرفەتی ئەوە هەیە دروستی لایەنگری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەڵسەنگێنێ؛ ئەو کارە تەنیا پێویستی بەوەیە بارودۆخی خۆی لەگەڵ دراوسێکانی لێک داتەوە. کە دیتی جیاوازییان زۆرە، تێدەگات کە یەکسانی کۆمەڵایەتی نەماوە و بێعەداڵەتی هاتۆتە ئاراوە. چ لە بەختەوەری و چ لە بەدبەختیدا. کاتێ بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان لێک بچن و بەرابەر بن، کابرا خۆی بەشەریکی هەڵس و کەوتی کۆمەڵ دەزانێ و حەولی بۆ دەدا؛ چونکو دەزانێ نابەرابەری بەرامبەرە لەگەڵ بێعەدالەتی.

ئەمشەو شەوی سێهەمە کە دەنووسم. ڕۆژگار تیژ تێدەپەڕێ و ڕستەکانیش یەک بەدوای یەکدا ڕیز دەبن. لەو دەمەوە دەستم کردۆتەوە بەنووسین هەست دەکەم بڕێک گۆڕاوم. جاروبار کە خەریکی کارم کوت و پڕ چاوم دەبڕمە هاوکارەکانم و لەخۆم دەپرسم چی بکەم کە گەشکە و پێکەنین بگرن و واق بمێنن. چەندە بەلەزەتە ئەم هەستە و ئەوەندەی پێ ناچێ ئاشکرا دەبێ.

بەشەو کە لە کارگە دێینە دەرێ، هەموو پێکەوە بەدەشتا دەڕۆین. قۆڵ لە قۆڵ و پاڵ بەپاڵی یەکترەوە دەڕۆین و بەدەنگی بڵند جۆک بۆ یەکتر دەگێڕینەوە. پێکەوە هەنگاو هەڵدێنینەوە و دەنگ و هەستی ئەو هاو هەنگاوییە- کە دەمانکاتە یەکدەنگ - گەلێ شیرینە.



جاری وایە ژنێکی ڕاهاتووی پڕەداتە قۆڵم ڕامدەکێشێ بەرەو ماڵەکەی و بێ ئەوەی ئیشتیای لێ بێ -تەواو خۆبەخت کەرانە- ڕووت دەبێتەوە و منیش دەبێ بیگەوزێنم. ئێمەش دەزانین کە ئەوینی ڕاستەقینە هەر ئەوەیە و بەس.

دڵەکوتەی شتێکمە؛ بۆوەی بتوانم ئەو گوزارشتە تەواو کەم نا عیلاج بووم چەند لاپەڕەیەک کاغەز لەو وەزارەتخانەیەی واکاری لێ دەکەم بدزم. ئەڵبەت کاتێ بزانن بۆ چیم بووە، بێگومان دەمبەخشن. بەڵام ئێستا لە خۆوە خەمە. لە لایەکی کەشەوە دەبێ ترسی بەشەو کارکردن -کە تایبەت بەوانەیە وا لەبارودۆخی مندان- لە خۆم دوورکەمەوە.

لەڕاستیدا هۆیەکی بەرچاوم هەیە بۆ ئەوکارەی وا دەیکەم؛ بۆوەی بتوانم شادە بدەم و بەشێ لەو بیروڕایانەم وا پێم باشن دەربڕم و هەورەها سوپاسی تایبەتیم کردبێ، ناعیلاجم نووسینەکەم بشارمەوە و دوورە پەرێزیش بکەم. من لێیان دوورناکەومەوە مەگین بەقازانجی ئەوان نەبێ و نامەوێ دیسان بچمەوە لایان. دەکرێ لەنزیکەوە بەوردی باسی شتێک بکەی؛ بەڵام کە بتەوێ بەگشتی لەسەری بدوێی دەبێ لە دوورەوە دیبێتت. بۆیە کە بمەوێ ڕێزێکی تایبەتییان لێ بگرم، دەبێ لێیان جیا ببمەوە. ڕێبەرەکانی حکومەت دەبی هەموو عومریان لە خەڵک دووربن و خۆبەخت کەن و منیش بۆوەی کارەکەم بگاتە ئاکام، ناعیلاجم وەک ئەوان بکەم؛ هەڵبەت دوای کردنی ئەو کارانەی وا قەرارە بیکەم.

هاتن و ڕاهاتوویەکی بێدەنگیان کە لەولای منەوە کاری دەکردیان، گرت و برد. "زێس"[١] ڕەفیقێکم- دەڵێ لەسەر فراوین چیرۆکێکی ناخۆش و خەمباری گێڕاوەتەوە و جوان دیاریشە بۆ خۆی بەگرتنی داوە. هەموو پیرۆزباییان لە زێس کرد و دەستیان گوشی؛ بەڵام پیاو دەبی ئەوەش بڵێ

(1) Zess

که زۆر کەس بەغیلییان بەزێس دەبرد بۆوەی نەیان توانیبوو پێش ئەو، ئەو ڕاپۆرتە بدەن. کـە دەسـتـم لەگـەڵ زێس لێـدەداوە نەمـتـوانـی نەترسم و بێخەیاڵی شەوکارییەکانم بم؛ چونکو بێتوو زانیبایەی بێگومان ڕاپۆرتی لێ دەدام. دژواریی زاتی بارودۆخی منیش هەر لەوەدایە. بۆوەی توانیبێتم خزمەتێک بەکۆمەڵ بکەم دەبێ خۆمی دوور لێ ڕاگرم و تەنانەت خۆ لە هەڵچوون و توورەییشی بپارێزم. سەرەڕای ئەوانەی وا گوتیشم دەبێ جوان ئاگاداری ڕووداوەکان بم؛ ئەڵبەت دوورە ئەوەی کە من سەبارەت بەئاکارم لە هەڵەدا بم؛ چونکو من بەکردنی ئەو کارەی وا دەیکەم خۆبەخت دەکەم بۆ کۆمەڵ و خۆبەخت کردنیش خشتی بناغەی ئەخلاق و کردەوەیە.

شەوێکی سەیرە. گلیز وەرسووڕاوە بۆلام -هەرچەند دەڵێی نووستووە- بەڵام چاوی لێـمـە. دەشت پڕە لەو سـەربازانەی وا هەڵدێن. دەڵێی لە یەکێک دەگەڕێن. باش وایە جارێ نەنووسم.

دەبێ دەست هەڵگرم. زۆرم کـاغـەز ڕەش کـردۆتەوە؛ بەڵام تەنیـا ئەو هۆیانەم تێدا نووسیون کە بۆتە هۆی ئەوەی قەڵەم هەڵگرم. ڕەنگبێ تەواو ئەو جۆرە نەبێ کە من دەڵێم؛ بەڵام هەرئەوانەی گوتم دەمترسێنێ و هەر بۆیەش دەمەوێ ئیدی نەنووسم.

چەند ڕۆژە جۆرێکی کەم. ئەو خۆبەخت کردنەم زۆر بۆ گران تەواو بووە. دەبێ بگەڕێمەوە سەر ژیانی پێشووم و تێکەڵاو ڕەفیقەکانم بمەوە و ئەوەی پێم وایە ونم کردووە بیدۆزمەوە. ئیدی پرسیار لە خۆم ناکەم چونکو وەڵامەکانم لە ڕەفیقەکانم دوور دەخاتەوە. ڕەنگبێ لە داهاتوودا، ئەو کاتەی بزانم وەختییەتی دەست پێبکەمەوە. ئێستا تەنیا دەبی بێدەنگ بم.

زۆرتر لە ساڵێکە هیچم نەنووسیوە. زۆرتر لە ساڵێکە زۆربەی شەوانی بەخەبەر بووم چاوم بڕیوەتە دەشت و مەحتەلی ئەو شتە بووم وا نازانم چییە.



نورس و میدل پێکەوە مردن؛ چەند مانگێ دەبێ. کە دیتیانەوە هەتا بڵێی قۆڕ و سەیر لە باوەش یەکتردا مردبوون. گلیز دەڵێ ئەو جۆرەی دەبا بمرن، مردوون؛ چونکو مەرگیان جێی پێکەنین بووە. نازانم بۆ دیسان دەستم کردۆتەوە بەنووسین و ناشمەوێ بیری لێ بکەمەوە. بەڵام ئەوەی دەینووسم کەس نایبینێ. دەزانم ئەم کارەم یانی چی و لە بایەخی کردەوەم ئاگادارم. دەزانم نەخۆشم. تەنانەت ئامانج و تەما ئاساییەکانیشم جێی شکن؛ چونکو لەوانی دیم جیا دەکاتەوە.

وشەم وەگیر ناکەوێ بۆ دەربڕینی چارەڕەشیم؛ تەنانەت بۆ خۆشم لێک نادرێتەوە. نازانم چەندە دەخایەنی تا ژان و ڕەنجی نهێنی ژێر دەمامکی پێکەنینم، لە خەڵک ئاشکرا بێ.

گلیز هەستی بە شتێک کردووە. پێش ئەوەی بخەوێ ماوەیەکی زۆر چاوم لێ دەکات. ئەمشەو لە سەر یەک، شەش جۆکی بۆ گێڕامەوە. پێش ئەوەی دەست بکەم بەنووسین بۆ ماوەی زۆرتر لە نیو ساعەت ئەدای خەوتن دەردێنم. ئیدی ئەو کارەم پێ خۆش نییە. کاتێ دەبینم کە بیر و ڕا هەڵەکانم لە سەر کاغەز ڕیز دەبەستێ نەخۆشییەکەم پتر لێ ئاشکرا دەبێ؛ بەڵام ناتوانم نەنووسم.

شتێکتان بۆ بگێڕمەوە: وەزارەتخانە ژنێکی ڕاهاتووی تازەی بۆ هاتووە. پرچی ڕەش و درێژە، و لە درزی دەمامکەکەیەوە چاوە تەواو سەوزەکانی دەبیندرێ. چ بێتە دیوەکەم و چ لە دیوەکەم بڕواتە دەرێ، تەنانەت بێتوو پشتیشم لێی بێ هەستی پێ دەکەم. تا تێر دەبم چاوی لێ دەکەم. ئەڵبەت ئەگەر زێس لەو دەوروبەرانە نەبێ. پێم وایە ئەویش چاوم لێ دەکات. هەموو قسەی لەگەڵ دەکەن جگە لە من. لەگەڵ هەمووان دەدوێ غەیری من.

دەمەوێ تا درەنگ نەبووە باسی بکەم. دەست بەنەردەوە ناگرێ و هێمن

بەپیپلیکانەکاندا دەچێتە سەرێ. لە هەر هەنگاوێکدا چۆکی وەدیار دەکەوێ. دەستی ناسکە و سپی هەڵگەڕاوە. بەری دەستی خڕە و قەڵەو و قامکەکانی درێژ و باریکن.

وەختێک سەری دادەنەوێنی کاکۆڵی دەکەوێتە سەر تەوێڵی. ئەویش بەتەکانێکی سەری، هەڵیدەداتەوە.

لە چێشتخانە بێ چەقۆ چێشت دەخوات، کە دەیەوێ شتێک هەڵقوڕێنێ بەهەر تک دەستی لیوانەکەی دەگری، هەر چوار قامکی دەنێتە بن کتێبەکان و بەقامکی دۆشاومژەی کتێبەکان دەکاتەوە. بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ لەسەر لاپەڕەکان ورد دەبێتەوە؛ وەک ئەوەی نەزانێ بیخوێنێتەوە یان نەیەوێ نووسراوەکە لەبەر کات.

سبحەینێ قسەی لەگەڵ دەکەم.

لەبەردەم دەرگای چوونەدەرێ چاومان کەوت بەیەک. چاوی لێ نەکردم. کتێبەکەی دانا و فیشەکەی واژۆ کرد و چووە دەرێ. لە ڕێڕەوەکە مەحتەلم بوو. بێدەنگ چاومان لە یەک کرد. بەپەلە گوتم:

– دەمەوێ قسەتان لەگەڵ بکەم.

– باشە.

– دەنگی نەرم و ناسکە. پێکەوە ڕێڕەوەکەمان پێوا.

– دەمەوێ هەر لەگەڵ ئێوە قسە بکەم، نەک کەسی دیکە.

– بەتەمای ئێوە بووم نەک کەسی دیکە.

پاشان چووینە لای ئەوانی دی؛ بەڵام دوای نیوەڕۆ هەرچەند بەچاو بەشوێنییەوە بووم، چاوی هەر لێ نەکردم.

ناتوانم بخەوم. گلیز لە پەنامەوەوە پرخەی دێ و دەستی لەسەر زگمە. جاروبار لەوە دەچێ دەمامکەکەی بجوولێتەوە. لەوبەری پەنجەرەکەوە



دەشتێکی پان و بەرین و چۆڵ پڕ لە چوار گۆشەی سێبەر و نوور؛ چاوەڕوانم.

لە چێشتخانە لە پەنایەوە دانیشتم. زێس چاوی لێمانە، بۆیە دوو سێ جۆکم بۆ گێڕاوە. لاقی نا بەلاقمەوە.

لەو بەر و ئەو بەری لێوی، لەسەر دەمامکەکەی، چرچی چکۆلە چکۆلە دیارە وەک ئەوە وایە بیەوێ دەمی خوارکاتەوە و پێکەنینی هەتاهەتایی ڕاهاتووەکان سەرەوخوار بنوێنێ.

شەوێ –ئەو کاتەی دەگەڕاینەوە ماڵێ– دەتگوت دەمامکەکەی منیش وای لێهاتووە.

دوور لە چاوی خەڵک و بەدزەدزە دەشتمان پێوا.

– شەوانە دەنووسم.

چاوی لێ کردم و پاشان دەستی برد بۆ دەمامکەکەی. کە دەستی لا برد سەر نیوچاوانی پڕ بوو لەدرز، درزی دەوروبەری قەڵەشتەکان.

– چی دەنووسن؟

– هەموو شتێ، تەنانەت لەمەڕ ئێوەش.

بۆ جارێکی کە، بەچاوە سەوزەکانی کە لە نێو قەڵەشتی دەمامکی دەم و چاوییەوە دەدرەوشاوە چاوی لێ کردم.

– کاتێ دەنووسن...

ڕاوەستا، وەک ئەوەی بیەوێ بیر بکاتەوە.

– ...لەسەر کەتەکەتان دادەنیشن و کاغەزەکە دەخەنە سەر ڕانتان؟

– لەکوێوە ئەوە دەزانن؟

– نازانم.

لێک دابڕاین و چۆوە لای ئەوانی دی. بەتەنێ دەستم کرد بەپیاسەکردن بێ ئەوەی کارم بەسەرسووڕماوی و واقمانی خەڵکی بێ کە کاتی پیاسەی ڕاهاتوویەکی تەنیا، تووشی دەبن.

ژنێک لەپڕدا ئاوقام بوو. وەک شێت مستم لێ بڵند کردەوە و خۆم ڕزگار کرد؛ وەک ئەوەی بمەوێ لێی دەم. سەرسووڕماوی کاردانەوەکەم، ماوەیەک وشک بووم؛ نەمدەزانی بۆ وام لێ هاتووە.

ژنە ڕاهاتووەکە پشتاوپشت دوورکەوتەوە، هەروا کە چاوی لە دەمامکی دەم و چاوم هەڵنەدەگرت. دەستم بردە سەر نێوچاوانم و هەستم کرد قەڵەشتێکی گەورە کەوتۆتە سەر تەوێڵم.

ئێستا کە خەریکم دەنووسم لەسەر کەتەکەمم، ئەو چەشنەی وا ئەو گوتبووی. هەست بەهێمنییەکی سەیر لە خۆمدا دەکەم؛ ئۆخەی و ئۆخژنێکی ئەبەدی.

گلیز خەوتووە و دەشت چۆڵە، منیش جگە لەخرمەی دەمامکەکەم کە هەر دێت و زۆرتر قەڵەشت دەبا، گوێم لە هیچ نییە.

پێکەوە ڕێڕەوەکەمان پێوا. شانمان لەیەک دەدرا؛ لە قەراغێ ڕاوەستاین، هەروا کە پاڵمان دابوو بەیەکەوە. دەستی هاتە سەر دەمامکەکەم.

پاشان ویستم قسەی لەگەڵ بکەم. کارگەی بەشوێندا گەڕام، هاوکارەکان دەگەڕانەوە و چاویان لە ڕێگاڕۆیشتنەکەم دەکرد؛ چونکو بەڕێداڕۆیشتنم گۆڕاوە. هەستم بەوە کردبوو، بەڵام هیچم لەدەست نایە. داوام لێ کرد هەر ئەمشەو لە دەشتا ببیینمەوە؛ گوتی باشە.

ڕەنگبێ بۆ ئاخر جار بێ بنووسم؛ چونکو چەند خولێکی کە ئێرە بەجێ دێڵم. هەر چۆن بێ -بمانەوێ یان نا- ئەوە دەمامکەکانمان خەریکن ئاشکرامان دەکەن. چرچییان تێ کەوتووە، درزیان داوە و لە چەند لاوە قەڵەشیون.



دەشت چۆڵە، پڕە لەو هەورە ڕەشانەی وا لەو تیشکە کەمەی شەودا عەرز بەجێ دێڵن. دەمامکەکەم دەم و چاوم دەسووتێنێ و وەچزەچزی خستووە؛ گڕی تێ بەرداوم. گلیز باشی خەو لێ نەکەوتووە؛ هەر ئەملا و ئەولایەتی. ڕەشەبایەک ماڵێ دەلەرێنێتەوە.

هات؛ سێبەری دەخزی بەسەر عەرزدا. هەر لە ئێستاوە هاودەنگی با، گوێم لە ویڕەیەتی. بەرەوپیری دەچم.

لە یەکێ لەو دیوە سپییانەدام وا قەت چرای ناکوژێتەوە. دوکتۆرەکان دەوریان داوم، لەسەرە مەرگدام. گوللە لە زگ، شان و سییەکانم دراوە. کە هەناسە دەکێشم سینگم وەختە بپچڕێ و خوێن لە دەممەوە دێ.

وەختێک وەهۆش هاتمەوە پرسیاری پزیشکیان لێ کردم؛ پاشان کابرایەک بەچاویلکەیەکی سوور و کراسێکی گوڵدارەوە بەسەرمدا نووشتایەوە.

– ئەو بوو خەیانەتی پێ کردن؛ دەزانن؟

بە بەزەییەوە چاوی لێ کردم، کاغەز و پێنووسێکی پێ دام.

– بنووسن.

ئەو ژنە مردووە؛ خەلاس.

لە دەشت و لەو تاریکەسەلاتەدا بەرەوپیری چووم، بێ ئەوەی بزانم چی دەکەم، دەبوو ئەو کارە بکەم. گەیشتینە یەک و ماوەیەکی دوور و درێژ چاومان بڕییە چاوی یەک.

ئەو گوتی:

– وەرە.

پێکەوە هەڵاتین؛ بێ وچان؛ چەند سەعات. پرچی لەسەر دەمامکەکەی شەپۆلی دەدا. زۆر چوارگۆشەمان بەجێ هێشت. وەها توند هەڵدەهاتین کە تیشکی چراکان تێکەڵ سۆمای چاومان دەبوو. هەورە ڕەشەکان ڕێگایان بۆ دەکردینەوە و پاش ئێمە تیکەڵ دەبوونەوە.

هێندەی نەخایاند ئەو چوارگۆشە کەم نوورانەمان بەجێ هێشت وا خەریکی ساز کردنیان بوون؛ تێمان پەڕاندن و چەند جاریش هەڵکەوتین.

شەو داپۆشیبووین و بۆوەی لە یەک ون نەبین، یەکترمان توند گرتبوو. قاقای کێشا. یەکمان بەردا و هەرکاممان دەستمان نا سەر دەمامکی ئەوی دی.

– حازری؟

– حازری؟

لەت لەت دەمامکەکانمان هەڵقلێشاند. بێ ئەوەی قسە بکەین. خوێن چۆڕاوگەی بەستبوو بەسەر ڕوومەت و تەوێڵی ڕووتماندا. بەهۆی ئەو هەموو ژان و ئێشەوە وا هەناسەی لێ بڕیبووین و وە ئاخ و ئۆفی خستبووین، توانیمان پێکەنینی هەتاهەتاییمان بسڕینەوە.

پاش چەند سەعات حەول و تەقەلا ئاخری چاومان کەوت بەنێوچاوانی یەکتر. لێومان نا سەر لێوی یەکتر.

جلەکانمان داکەند و لەسەر خیزە وردەیەک ڕاکشاین. لە نێو ئەو هەورە ڕەشانەوە وا با لە لای شارەوە دەیهێنان، ڕووت چوویینە پاڵ یەک.

تیشکێکی سپی لە دوورەوە وەدیار کەوت؛ تیژ گەیشتە سەر سەرمان. هەستاین بێ ئەوەی بمانەوێ نیشان دەین کە دەمانەوێ هەڵێین. تیشکەکە زۆرتر بوو، پاشان لەسەر ئێمە ڕاوەستا.

لەسەر کۆگای خیزە وردەکە بەیەکەوە نووسابووین.

سەکۆیەکی ئازاد و نەوەستاو بوو کە لەتاریکیدا نزیک دەبۆوە و لەسەری تیشک هاوێژێکی بەقەوەت و ڕەشاشێکی گەورە دابەسترابوو.

ڕاهاتوویەک کە بەپێکەنینەوە دەمی پان کردبۆوە، سێرەی لە ئێمە دەگرت.



ئەو ژنە بەپەلە خۆی دا بەر من و یەکەم گوللەکان پشتیان کوناودیو کرد. لەت بوو و کەوت. باسکم هێنایە سەر زگی کوناودیوم و بێ ئەوەی چاو لە پێکەنینی ئەو کابرایە هەڵگرم –وا بەگوللە دەیدروووینەوە– کەوتمە ئامێزی میرا.